# قەحپە بەڕێزەکە

## پێشەکەشە بە میشێل لێرس و زێت لێرس

## سارتەر..




**تابۆی شانۆنامەکە لە کاتی نمایشدا لە فرەنسا**

## ژان پۆل سارتەر

# قەحپە بەڕێزەکە

هەواڵنامەی کتێب

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە**

هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم

هەولێر -٢٠١٨

- قەحپە بەڕێزەکە
- ژان پۆل سارتەر
- وەرگێڕانی:هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم
- دیزاینی بەرگ:ئاکار جەلیل
- چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠١٨
- تیراژ: (٥٠٠)دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکاندا ژمارە(     )ی ساڵی ٢٠١٨ی دراوەتێ

# پێشەکییەک بۆ چاپی کوردی

ژان پۆل سارتەر، یەکێکە لە بیرمەند و کەسایەتییە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم لە جیهاندا،ئەگەرچی خۆی فرەنسییە، بەلآم سنووری نەتەوەیی بەزاندووەو نووسەرێکی جیهانییە. هەرکە ناوی فەلسەفەی بوونگەرایی دێت یەکسەر ناوی سارتەر و کامۆ بە زەین و خەیاڵی وەرگردا دێت. ئەم شانۆنامەیەی سارتەر قەحپە بەڕێزەکە La Putain respectueuse یەکێکە لە شانۆنامە دەگمەن و کەمتر بلآوەکانی ئەو نووسەرە، کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا نووسیویەتی و هەر لەو ساڵەیشدا لە پاریس نمایشکراوە.

نووسەر لەو شانۆنامەیەدا، لە ئەنجامی سەردانی بۆ ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە توندی و بە شێوەیەکی ساتیریی (گاڵنەجاڕی و توانجئامێز) سیاسەتی چینایەتی ورەگەزپەرستی دەخاتەروو، کە ئەوێ رۆژێ زۆر بە زەقی پیادە دەکرا.دوای بلآوبوونەوەی ئەم شانۆنامەیە نووسەر کەوتە بەر رەخنەی توند، وەلێ سارتەر ئەوەی روون کردەوە ئەو دژی سیاسەتی رەگەزپەرستییە نەوەکو دژی ئەمریکا بە دیاریکراوی.ئەم شانۆییە هەر ئەو دەم لە چەندین ولآتی دی پێشکەشکراوە، لە

یەکێتیی سۆڤییەت و کوبا و ئەمریکا و تورکیا و باکووری ئەفریقیا،بە تایبەتی وەکو هەنگاوێک دژی سەرمایەداری و پاڵپشتییەک بۆ چینی کرێکار وپارتی کۆمۆنیستی، تەنانەت بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیعی ئەو وڵاتانەدا بگونجێ و ئەو بیرۆکەیە دەربڕێ، سارتەر دەسکاری کۆتاییەکەی بە شێوەیەک کرد،کە ڕەشبینی و نائومێدی لە دڵی گەنجاندا نەچێنێ و ئاسۆ بۆ ئومێدێک بهێڵێتەوەو دەربڕی بیری (فەلسەفەی ئازادی) و بەرجەستەکردنی چەمکی (پابەندبوون) بنوێنێ. تەنانەت سارتەر ڕێگەچارەی ئەوەشی پێباشە، کە چینی کرێکار لەو وڵاتەدا بە ڕەشپێست و سپیپێستەوە دژە ئیدارەی وڵات ڕاپەڕن، کە دەیانچەوسێنێتەوە.

هەندێ لە ڕەخنەگران پێیانوایە سارتەر بیرۆکەی ئەو شانۆییەی لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە لە ئەمریکا، کە بە ڕووداوی Scottsboro ناسراوە وەرگرتووە، کە بریتییە لەوەی لە ساڵی ١٩٣١دا ٩ کوڕی زنجیی ڕەشپێست لە شەمەندەفەرێکدا دەستدرێژیی سیکسییان کردۆتە سەردوو قەحپەی سپی پێست.

خێزانێکی دەوڵەمەند و زەنگینی باشوور دەیانەوێ خۆیان لە دەست دادگا ڕزگار بکەن،چونکە کوڕەکەیان کە بە خەڵکی ڕاستەقینەو خاوەنی ئەو وڵاتە دەزانن، دەبێ دادگا ماف بەوان

بدات، با کوڕەکەشیان بکوژی زنجییەکیش بێت،دەبێ ئازاد بکرێت و نەگیرێت. پەنا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران دەبەن...

لە رووی ناوەرۆکی هونەریی شانۆنامەکەوە هەندێ لە رەخنەگرانەوە پێیانوایە وێناکردنی ئەو قارەمانە زنجییە لاوازە،چونکە ناتوانێ رووبەرووی واقیع ببێتەوەو بەرگری لە مافی خۆی بکات و رادەکات.

لێرەدا پرسیارێک دێنە پێشەوە،ئەویش ئەوەیە،فرێد داوا لە لیزی Lizzie MacKay ،کە قەحپەیەکە تازە هاتۆتە باشوورو لە یانەیەکی شەوانەی رابواردندا تۆماس دەناسێ، فرێد Fred داوای لێدەکات دان بەو راستییەدا بنێ، کە تۆماسی ئامۆزای تاوانبار نیە،بەڵام فرێد هەر خۆی ئەوە دەدرکێنێ کام راستی؟ خۆی گوێی لە لیزی گرتووەو دەزانێ ئەو زنجییە بێ تاوانە.کەوابێ راستییەک بوونی نییە،تەنیا و تەنیا ئەوە نەبێ دوو چینی جیاواز هەن،ڕەش و سپی.

جیاوازی سارتەر لەگەڵ فەیلەسوف و بیرمەندەکانی سەردەمی خۆی لەوەدایە، ئەو بە تەنیا کتێبی فەلسەفی نەنوسیووە، بەڵکو بۆ گەیاندنی بیری وجودی(ئێگزیستینتیالیزم Existentialism)ی خۆی ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو شانۆنامەو رۆمان و رەخنەی ئەدەبی هەڵبژاردووە. بە کورتییەکەی سارتەر لەم شانۆنامەیەدا هەرچی پۆخلەواتی چینی بۆرژوا هەیە دەیخاتە روو،هەروا بەراوردێک لە نێوان سروشت و

هەولێرنامەی کتێب

ئاکار و رەوشتی ژنێکی سۆزانی و ئەو کەسانەدا دەکات ،کە خۆیان بە نوێنەری راستەقینەی میللەت لە ئیدارەو دەوڵەت و ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەزانن.

هیوادارم زمانی وەرگێڕانەکەیشمان جێگەی پەسەندی بێ و خزمەتێک بە بواری شانۆو هەوادانی شانۆی جیهانیی بگەیەنێت. بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکەیشمان پەسەندتر بێت سەیری دەقە فارسییەکەیشمان کرد و لە هەندێ شوێنیشدا پرسمان بە برادەرانی فەرەنسیزمان کردووە.

٢٠١٨/٤/٢٨

هەواڵنامەی کتێب

# کەسایەتییەکان

**لیزی**: قەحپە

**فرێد**: کوڕی سیناتۆر کلارک.

**سیناتۆر کلارک**: باوکی فرێد.

**ڕەشپێست**

**جۆن**: پۆلیس

**جێمز**: پۆلیس

کەسایەتییە لاوەکییەکان

**پیاوی یەکەم**

**پیاوی دووەم**

خەواڵنامەی کتێب

# قەحپە بەڕێزەکە

ژوورێک لە یەکێک لەشارەکانی ئەمریکای باکوور، دیوارەکانی ژوورەکە ڕەنگیان سپییە، سیسەمێک لە ژوورەکەدایە، لەلای ڕاستدا پەنجەرەیەک هەیە، لە لای چەپدا دەرگایەک هەیە، کە هی گەرماوە، لە ڕووی پێشەوەی شانۆکەدا ڕێڕەوێکی بچووک هەیە، کە بە دەرگای ژووری پێشوازیکردنەوە بەستراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# دیمەنی یەکەم

## لیزی دواتر ڕەشپێستەکە

بەر لەوەی پەردە هەڵبدرێتەوە دەنگێک هاوشێوەی دەنگی ڕەشەبا لە سەر شانۆ دەگاتە بەر گوێ، لیزی بەتەنیایە قۆڵەکانی کراسەکەی خۆی هەڵداوەتەوە و بە گسکی کارەبایی ژوورەکە پاک دەکاتەوە، زەنگی دەرگاکە دەنگی دێت، لیزی دەوەستێت و سەیری لای دەرگای گەرماوەکە دەکات، دووبارە زەنگەکە لێدەدەن، گسکەکە دەکوژێنێتەوە، دەرگای گەرماوەکە نیوە دەکاتەوە.

**لیزی:** (بە دەنگێکی نەوی) زەنگ لێدەدەن، خۆت نیشان مەدە.(پاشان دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە، ڕەشپێستەکە لە ناو دەرگاکە دەردەکەوێت، ڕەشپێستەکە باڵا بەرز و چوارشانەو بەهێزە و پرچی سپییە و ڕووخساری پەشۆکاوە، وشک و بێ جووڵە دەوەستێت) چی بووە؟ ڕەنگە ناونیشانەکەتان لێ تێکچوو بێت؟(کەمێک بێدەنگی) لەکۆتاییدا چیتان دەوێت؟ قسە بکەن.

**ڕەشپێست:** (بە پاڕانەوەوە) تکادەکەم خاتوون، تکادەکەم.

**لیزی** : لەبەرچی تکادەکەی؟(بە گرژومۆنییەوە لێی دەڕوانێت) بوەستە بزانم، تۆ نەبووی کە لەناو شەمەندەفەرەکە بووی و لەدەستیان ڕاتکرد؟ چۆن ناونیشانی منت دۆزیەوە؟

**ڕەشپێست**: زۆر گەڕام خاتوون، هەموو شوێنێک گەڕام(دەیەوێت بێتە ژوورەوە) تکا دەکەم.

**لیزی**: مەیە ژوورەوە، میوانم هەیە، باشە بڵێ بزانم چیت دەوێت؟

**ڕەشپێست**: تکا دەکەم.

**لیزی**: باشە چییە لەبەرچی لێم دەپاڕێیتەوە؟ چیت دەوێت؟ پارەت دەوێت؟

**ڕەشپێست**: نەخێر خاتوون(کەمێک بێدەنگی) تکا دەکەم بەو بڵێ کە من هیچ تاوان و هەڵەیەکم نەکردووە.

**لیزی**: بە کێ؟

**ڕەشپێست**: بە دادوەر، بەو بڵێ، خاتوون، تکا دەکەم بەو بڵێ.

**لیزی**: من هیچ شتێک ناڵێم.

**ڕەشپێست**: تکا دەکەم.

**لیزی**: چ پێوەندی بە منەوە هەیە، من لە ژیانی خۆمدا سەد کێشەم هەیە، ئیدی ناتوانم بپرژێمە سەر کاری خەڵکی دی، بڕۆ دەی.

**ڕەشپێست**: ئێوە دەزانن، کە من هیچ هەڵەیەکم نەکردووە، ئایا دەستم بە ڕووی کەسێکدا بەرزکردۆتەوە؟

**لیزی**: نا، تۆ هیچ شتێکت نەکرد، بەڵام من ناچمە بەردەم دادگا، من هەموو دادوەر و پۆلیسەکان وەکو ئاوی لووتم فن دەکەم و تورِ دەدەمە دەرەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**ڕەشپێست**: من ژن و منداڵەکانم بە تەنیا جێهێشووە و دەستم لێیان بەرداوە، هەموو شەوێک لەناو کوچە و کۆڵانەکاندا وێڵ و سەرگەردان دەگەڕێم، ئیتر توانام نەماوە.
**لیزی**: لەم شارە بڕۆ دەرەوە، یەکڕاست ئاسوودە دەبیت.
**ڕەشپێست**: لەناو هەموو وێستگەکاندا بۆسە دادەنێنەوە.
**لیزی**: کێ بۆسە دادەنێتەوە؟
**ڕەشپێست**: سپی پێستەکان.
**لیزی**: کام لە سپی پێستەکان؟
**ڕەشپێست**: هەموویان، ئەمڕۆ بەیانی ئێوە نەچوونەتە دەرەوە؟
**لیزی**: نا
**ڕەشپێست**: سپی پێستەکان گشتیان لەناو کۆڵانەکانن، بە گەنج و پیرەوە بەبێ ئەوەی یەکتری بناسن پێک دەگەن و قسە دەکەن.
**لیزی**: باشە، ئینجا ئەمە واتای چییە؟ با هەر قسە بکەن.
**ڕەشپێست**: واتا لەمەوە کارێکی دیکە بۆ من نەماوەتەوە جگە لەوەی هێندە بەرەو ئەمسەر و ئەوسەر بچم تا دەستگیرم بکەن، دەزانی کە هەر کاتێک سپی پێستەکان بەبێ ئەوەی یەکتر بناسن قسە لەگەڵ یەکدا دەکەن حەتمەن دەبێت ڕەشپێستێک بمرێت.(کەمێک بێدەنگی) خاتوون بڵێ، کە من هیچ تاوانێکم نییە، ئەمە بە دادوەر بڵێ، بە ڕۆژنامەنووسەکانی بڵێ، بەڵکو لەناو ڕۆژنامەکانیان بینووسن، بڵێ خاتوون! بڵێ! بڵێ!

هەولێنامەی کتێب

**لیزی:** هاوار مەکە من میوانم هەیە(بێدەنگی) بۆ ڕۆژنامە من پەیمانت پێنادەم، من لەم کاتەدا ناتوانم خۆم بناسێنم(بێدەنگی) بەڵام ئەگەر بەزۆر من بۆ شایەتیدان ببەن، ئەوا ئاسوودە بە کە من ڕاستییەکە دەڵێم.
**ڕەش پێست:** ئێوە بەوان دەڵێن کە من یچ گوناهێکم نییە؟
**لیزی:** پێیان دەڵێم.
**ڕەشپێست:** سوێند دەخۆی؟
**لیزی:** بەڵێ، بەڵێ.
**ڕەشپێست:** بەو خودایەی کە هەموومان دەبینێ؟
**لیزی:** ئۆی! بە جەهەننەم، یەخەم بەردە ئیتر، بەتۆم گوت ئاسوودە بە، ئیتر تەواو(بێدەنگی) باشە ئێستا بڕۆ دەی، بڕۆ!
**ڕەشپێست:** خاتوون تکا دەکەم من لەلای خۆتان بشارنەوە.
**لیزی:** حەشارت بدەم!؟
**ڕەشپێست:** ناتەوێ؟ نایکەیت؟
**لیزی:** بتشارمەوە؟ من؟ یالاّ بڕۆ!(دەرگاکەی لەسەر دادەخاتەوە) من حەزناکەم بە دەستی خۆم گرفتاری بۆ خۆم دروست بکەم(بەرەو ڕووی دەرگای گەرماوەکە دەڕوات وەرە دەرەوە.
فرێد بە کراسێکی بێ بۆینباخەوە دێتە دەرەوە.

هەولنامەی کتێب

# دیمەنی دووەم

## لیزی- فرێد

**فرێد:** چی بوو؟

**لیزی:** شتێک نەبوو

**فرێد:** من واگومانم کرد پۆلیس بێت

**لیزی:** پۆلیس؟ خوا نەکا! مەگەر تۆ ئیشت و کارت لەگەڵ پۆلیس هەیە؟

**فرێد:** من؟ نا من وا گومانم دەکرد کە لەگەڵ تۆ کارییان هەبێت.

**لیزی:** (سەرزەنشتکراو) ئاگات لەبەر زمانی خۆت بێت! من پارەی کەسێکم نەدزیوە تا پۆلیس بەدوامدا بێت.

**فرێد:** تۆ هەرگیز سەروکارت لەگەڵ پۆلیسان نەبووە و نەکەوتوویتە لایان؟

**لیزی:** هەرگیز بۆ دزی ڕێم بە ڕێیان نەکەوتووە.

گەسکە کارەباییەکە دادەگیرسێنێت و دەنگی گسکەکە بەرز دەبێتەوە.

**فرێد:** (بەهۆی دەنگی گسکەکە تورە دەبێت) ئاخ!

**لیزی:** (بەدەنگی بەرز قسە دەکات تا فرێد بیبیستێت) چیتە ئازیزم؟

**فرێد:** (بە دەنگێکی بەرز) گوێکانت کەڕ کردم.



هەواڵنامەی کتێب

**لیزی:** ئێستا تەواوی دەکەم(بێدەنگی) من خووم پیوە گرتووە.

**فرێد:** چی دەڵێیت؟

**لیزی:** دەڵێم من خووم پیوە گرتووە

**فرێد:** چۆن؟

**لیزی:** بەم شێوەیەی کە هەر شەوێک میوانم هەیە سبەی بەیانییەکەی دەبێت گسک لێبدەم و بچمە گەرماو(گسکەکە دەکوژێنێتەوە)

**فرێد:** ( ئاماژە بۆ سیسەمەکە دەکات)باشە ئێستا کە بەم جۆرەیە ئیتر ڕووپۆشەکەی بەسەردا بدە.

**لیزی:** چی؟

**فرێد:** دەڵێم ڕووپۆشەکەی بەسەردا بدە بۆنی گوناهی لێدێت.

**لیزی:** بۆنی گوناه! ئەم قسەیەت لەکوێ هێنا؟ سەیرکە بزانم، تۆ قەشەی؟

**فرێد:** نا، لەبەرچی؟

**لیزی:** ئاخر وەکو کتێبی ئینجیل قسە دەکەی(سەیری ئەو دەکات) بەڵام نا تۆ قەشە نیت، تۆ زۆر لەوان پاکتری، ئەنگوستیلەکانتم نیشان بدە(بە سەرسوڕماوییەوە) ئۆوە سەیرکە بزانم، وەکو ئەوەی گیرفانت زۆر پڕ بێت.

**فرێد:** بەڵێ.

**لیزی:** زۆر دەوڵەمەندی؟

**فرێد:** زۆر.

هەواڵنامەی کتێب

**لیزی:** چاکترا!(دەستەکانی لە ملی فرێد دەکات و لێوەکانی لە لێوی نزیک دەخاتەوە) بەبڕوای من دەوڵەمەندی بۆ پیاو شتێکی زۆر چاکە و هۆکاری متمانە و ڕێزگرتنیەتی لای خەڵک. فرێد لە ماچکردنی ئەو دودڵە، دواتر ڕووی خۆی وەردەگێڕێت.

**فرێد:** سەرپۆشی سیسەمەکە ڕابخە.

**لیزی:** باشە باش ئێستا ڕایدەخەم(لەکاتێکدا کە سەرپۆشەکە ڕادەخات پێدەکەنێت)(بۆنی گوناهی لێدێت) چ قسەیەک! بڕوانە ئەم گوناهە هی تۆیە ئازیزم(نارەزایی فرێد) چاکە، چاکە هی منە، بەڵام هێندە لەو جۆرە گوناهانەیان بۆ من نووسیوە کە هەژمار ناکرێت...(لەسەر سیسەمەکە دادەنیشێت و فرێد ناچار دەکات کە لە تەنیشتی دابنیشێت) وەرە، وەرە لەسەر گوناهەکانمان دانیشین، گوناهێکی قەشەنگ بوو، نا گوناهێکی بەتام و چێژ بوو(پێدەکەنێت)چاوەکانت بەرمەدەوە. لە من دەترسیت(فرێد ئەو بە توندی ئەو بە سینەی خۆیەوە دەنێت) ئاخ، وردت کردم! ئێسکەکانمت شکاند! (فرێد بەریدەدا) چ دەمانچەیەکی سەیر و سەمەرەت هەیە! وەکو مرۆڤێکی گوماناوی دێیتە بەرچاو، ناوت چییە؟ نایڵێی؟ من پێویستمە، هیچ کەسێک ناوی خانەوادەکەی بە من ناڵێت، ئۆە لە هەزار کڕیار ڕەنگە یەک کەس، باشە مافی خۆیانە، بەڵام من

پێویستم بە ناوی خۆتان هەیە، ئێستا ئەگەر ناویشتان نەزانم، چۆن دەتەوێت هەمووتان بناسم، بڵێ، بڵێ، ئەزیزم.

**فرێد**: نا.

**لیـزی**: باشـە، نـایڵێی مەیڵـێ، مـن نـاوت لێـدەنێم بەڕێـز بێناو.(هەڵدەستێتەوە) لێگەڕێ ژوورەکە ڕێکبخەم(کورسییەکان دەباتە پێش و پاش) ئا ئێستا ڕێک کەوت. کورسییەکان بەم شـێوەیە لە چـواردەوری مێـزەکەبن باشـترە، بەڕاسـت تـۆ دوکانێک پێنازانیت کە تابلۆ و وێنە بفرۆشێت؟ دەمەوێت چەند وێنەیەک بکڕم و بەدیواریان هەڵواسم، تابلۆیەکی جوانم لەناو جانتاکەم هەیە، ناوی ئەو تابلۆیە(گۆزەی شکاو)ە، کچۆڵەیەکە کە منداڵێک گۆزەکەی لێ شکاندووە.

کام گۆزە؟

من چ دەزانم؟ گۆزەی خۆی، بێگومان گۆزەیەکی هەبووە، ئێستا من تابلۆی پیرەژنێکم دەوێت، بۆ نموونە پیرەژنێک کە خەریکە شت دەچنێت، یا خەریکە چیرۆک بۆ نەوەکانی دەگێـڕێتەوە، ئـاه! ڕاسـتی بـڕۆم پەردەکە هەڵـدەمەوە و پەنجەرەکە بکەمەوە(ئەم کارە دەکات) چ هەوایەکی خۆشـە! ئەمـڕۆ ڕۆژێکـی باشـمان دەبێت(باوێشـک دەدا) ئـاخ ئەمـڕۆ چەندە خۆشحاڵم، کەش و هەوا خۆشـە، چوومە گەرماوەکەم، شـەوێکی خۆشیشـم بەسـەربرد، وەرە بنواڕە دیمەنێکی چەند جـوانە، وەرە! دیمەنێکی چاکە! لە هەمـوو لایەکەوە درەختە

دڵڕفێنەکان! بە جوانی سەیرکە، نازانم چ بەختێکم هەیە کە بەبێ هیچ زەحمەتی و ڕاکەڕاکێک ئەم ژوورەم لەم گەڕەکە چاکە دۆزیەوە، نایەیت؟ تۆ شارەکەی خۆت خۆش دەویت؟

**فرێد:** لە پەنجەرەی خۆمەوە دیمەنی شارەکەی خۆم خۆش دەویت...

**لیزی:**ئایا بینینی ڕەشپێستێک لە سپیدەیەکی زوودا شوومی نییە؟

**فرێد:**لەبەرچی دەپرسیت؟

**لیزی:** ئاخر من... ڕەشپێستێک خەریکە لەسەر شۆستەی بەرامبەرم تێدەپەڕێت.

**فرێد:** بینینی ڕەشپێست هەمیشە بەدبەختی دێنێت، ڕەشپێست لە شەیتان خراپترە، پەنجەرەکە دابخە.

**لیزی:** ناتەوێ هەوای ژوورەکە بگۆڕێت؟

**فرێد:** دەڵێم پەنجەرەکە داخەوە، پەردەکان دادەوە، گلۆپەکەش داگیرسێنە.

**لیزی:** لەبەرچی؟ هەموو ئەمانە لەبەرئەوەیە تا ڕەشپێستەکە نەبینی؟

**فرێد:** دەبەنگ!

**لیزی:** بەم هەتاوە جوان و خۆشە ناتەوێت دەرگاکە کراوە بێت؟

**فرێد:** لێرە پێویستیم بە خۆر نییە، من دەمەوێت ژوورەکە هەمان بارودۆخی شەوی هەبێت، دەڵێم پەنجەرەکە دابخە، من لە دەرەوە خۆر دەبینم(هەڵدەستێت و بەرەو لای ئەو دەڕوات و لێی دەڕوانێت).

**لیزی:** (بە پەشۆکاوییەوە) ڕاستەوڕاست چی ڕوویدا ، چیت بەسەرهات؟

**فرێد:** هیچ، بۆینباخەکەم پێبدە.

**لیزی:** لەناو گەرماوەکەیە(دەچێتە دەرەوە، فرێد بەخێرایی چەکمەجەکانی مێزەکە دەکاتەوە و بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، لیزی بە بۆینباخەوە دێتە ژوورەوە) ئەمە بۆینباخەکەت، بوەستە،( بۆینباخەکەی دەکاتە ملییەوە و دەیبەستێت) هەر بەڕاست دەزانی کەم وا ڕوودەدات کە من کڕیاری ڕێبوار پەسەند بکەم، لەبەرئەوەی مرۆڤ پێویستە هەر جارێک دەموچاوێکی نوێ ببینێت. بیرۆکەی من ئەوەیە کە تەنیا سێ چوار کەس خووم پێوە بگرن کە تاڕادەیەک چووبنە تەمەنەوە: یەکێک بۆ ڕۆژی سێشەممە، یەکێک بۆ پێنجشەممە، یەکێکیش بۆ یەکشەممە، تۆش ئەگەرچی گەنج و نەزانی، بەڵام بارودۆخێکی ڕژد و جیددیت هەیە، ئەگەر جارێک ئارەزووت بزوا... باشە، باشە ئیتر هیچی دیکە ناڵێم. خۆت دەزانی چی بکەی... دەزانی؟ تۆ وەکو ئەستێرەیەکی جوان و نەخشینی،

جوانکیلەی من، ماچم بکە، لەبەر ئەو ماندوێتییەی کە کێشاومە ماچم بکە، ناتەوێ؟

فرێد لەناکاو ئەو بە توندییەوە ماچ دەکات، پاشان لە خۆی دوردەخاتەوە) ئاخ.

**فرێد:** تۆ هەروەکو ئەهریمەن دەمێنیتەوە

**لیزی:** چۆن؟

**فرێد:** ئەهریمەن!

**لیزی:** هەمدیسان وەکو ئینجیل قسە دەکەی! دیسان چیت بەسەرهات؟

**فرێد:** هیچ، گاڵتەم کرد.

**لیزی:** شێوازێکی سەیر وسەمەرەت هەیە بۆ گاڵتە کردن( کەمێک بێدەنگی) ئایا ڕازیت؟

**فرێد:** ڕازی لە چی؟

**لیزی:** (بە لاساییکردنەوەی ئەو) ڕازی لە چی؟ ئاخ منداڵی بێگوناه! چەندە دەبەنگی! وەکو ئەوەی کە سەر لەهیچ دەرناکات.

**فرێد:** ئەها، بەڵێ زۆر ڕازیم، زۆر ڕازیم، دەبێت چەند بدەم؟

**لیزی:** کێ باسی پارەی لەگەڵت کردووە؟ من تەنیا لێت دەپرسم کە ڕازی یا نا، تۆش دەتوانی بە میهرەبانییەوە وەڵامم بدەیتەوە، چیتە؟ هەر بەڕاست خراپ ڕاتبواردووە نارازیت؟

ڕاستییەکەی من ئیتر سەرم سوڕدەمێنێ، دەزانی هەرگیز باوەڕ ناکەم.

**فرێد:** ئیتر بەسە!

**لیزی:** لەوەی کە منت بە توندی لەئامێزی خۆت دەگرت و پەراسووەکانم خەریک بوون بشکێ، پاشانیش بە لەسەرخۆیی بە منت گوت کە خۆشتم دەوێی.

**فرێد:** تۆ سەرخۆش بووی، هەلیت و پەڵیت دەڵێی.

**لیزی:** نا هەرگیز سەرخۆش نەبوومە

**فرێد:** بەڵام سەرخۆش بووی.

**لیزی:** من بە تۆ دەڵێم نا.

**فرێد:** هەر چۆنێک بێت من خۆم سەرخۆش بووم و هیچ شتێکم بیرناکەوێتەوە.

**لیزی:** حەیف! من جلەکانم لەناو گەرماوەکە داکەند و کاتێک هاتمە لات تۆ سوور هەڵگەڕای ، نایەتەوە یادت؟ ... نایەتەوە بیرت کاتێک گوتم ئەمە شێرپەنجەی منە... ئەوەت بیرناکەوێتەوە کە داوای کوژاندنەوەی چراکەی لێکردیت و منیش لە تاریکیدا پاڵکەوتبووم و لێم نزیک کەوتیەوە؟ من بەم کوژاندنەوەی ڕووناکییە خۆشحاڵ بووم لەوەی کە بەشێوەیەکی پیاوانە و ڕێزەوە مامەڵەم لەگەڵدا دەکەیت، هەمدیسان بیرت ناکەوێتەوە؟

**فرێد:** نا.

**لیزی:** بەبیرت دێتەوە کە وەکو دوو مندالی تازە لەدایکبوو کە پێکەوە لەناو بێشکەیەکدا دانرابن پێکەوە یاری و دەستبازیمان دەکرد، خۆ ئەمەت لەیادە.

**فرێد:** دەڵێم بەسە ئیتر! زارت ببەستە! کارێک کە لەتاریکیدا دەکرێت پێویستە هەر لەو تاریکییەدا لەبیر بکرێت، ئیتر نابێت بەڕۆژ قسەی لەبارەوە بکرێت.

**لیزی:** من لەبیرم نەکردووە و حەزدەکەم قسەی لەبارەوە بکەم، دەزانی؟ من زۆر چێژم لێ وەرگرت و شادمان بووم.

**فرێد:** ئەها! زۆر چێژت لێوەرگرت!( بەرەو لای لیزی دەڕوات، دەست دەخاتە سەر شانەکانی و دەستەکانی لە ملی دەکات ) هەمیشە سەرخستنەسەرو ئازاری پیاوان دەبێتە مایەی چێژوەرگرتنی ئێوە.(کەمێک بێدەنگی) شەوێک کە لەگەڵ من بەسەرت برد من لەبیرمکرد، بە تەواوەتی لەبیرمکرد، من تەنیا ئەو کاتەم لەبیر نەکردووە کە پێکەوە سەمامان دەکرد، بەڵام تەواوی شەوەکە تەنیا لەبیری تۆ ماوەتەوە، تەنیا تۆ(پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر ملی).

**لیزی:** چی دەکەیت؟

**فرێد:** ملت دەگووشم.

**لیزی:** تۆ ئازارم دەدەیت

**فرێد**: تەنیا تۆ ، ئەگەر تۆزێکی دیکە بە توندی فشاری بخەمەسەر ئەوا ئیتر هیچ کەسێک لە دونیادا نامێنێتەوە کە ئەم شەوەی لەیاد بێت(بەریدەدات) دەبێت چەند بدەم؟
**لیزی**: ئەگەر بەم زوویە لەبیرت چوو بێت مانای ئەوەیە کە لەمن ڕازی نەبوویت و منیش بۆ کارێکی نیوەچڵ پارە لەکەس وەرناگرم.
**فرێد**: ئیتر بەسە! چەندە؟
**لیزی**: گوێبگرە تۆ دەزانیت کە من تەنیا لە پێرێوە هاتوومەتە ئەم شارە، یەکەمین کەسیش هاتبێتە دیدەنی من تۆ بووی، من بەخۆڕایی خۆم بە یەکەم میوان دەبەخشم، دەڵێن ئەمە چانسی باش دەهێنێت.
**فرێد**: من پێویستم بە بەخششەکانی تۆ نییە.(دە دۆلارییەک لەسەر مێزەکە دادەنێت).
**لیزی**: من پێویستم بە پارەی تۆ نییە، بەڵام دەمەوێت بزانم بەهای من لەلای تۆ چەندە؟ بوەستە با مەزەندەی بکەم(چاوەکانی دادەخات و دەست لە پارەکە دەخشێنێت) چل دۆلار؟ نا زۆرە، سەرەڕای ئەمە ئەو کاتە پێویستی بە دوو گەڵا[1] هەیە، کەواتە بیست دۆلارە، هەمدیسان نا،زیاترە لەمە، دەبێت زیاتر لە چل دۆلار بێت، پەنجا؟ سەد؟(لەو ماوەیەدا فرێد چاودێری دەکات و بەهێواشی پێی پێدەکەنێت )بە

[1]. بە واتای الورقەی عەرەبی و اسکناسی فارسی دانراوە، واتە وردەی دۆلار بە کاغەز نەک بە کانزا.و.کوردی

جەهەننەم! هەرچۆنێک بێت چاوم دەکەمەوە.(سەیری پارەکە دەکات) سەیرە! هەڵەت نەکردووە؟

**فرێد:** باوەڕ ناکەم.

**لیزی:** دەزانی چەندت لەبەردەمی من داناوە؟

**فرێد:** بەڵێ.

پارەکەت هەڵگرەوە، یەکسەر هەڵیگرەوە.(فرێد بە جووڵەی دەستییەوە کە ئاماژەیە بۆ پەسەندنەکردن، ڕەتیدەکاتەوە). دە دۆلار! دە دۆلار! نەفرەتی خوات لێبێت، کچۆڵەی بچووکی وەک من بە دە دۆلار؟ ڕانی منت بینیوە؟(ڕانی پێ نیشان دەدات) مەمکەکانیشمت دیت، ها؟ ئایا ئەم مەمکانە مەمکی دە دۆلارین؟ یەڵڵا پارەکەت هەڵگرەوە و بڕۆ بەدوای کارت بەر لەوەی تورە بم، دە دۆلار! بەڕێز هەموو شوێنێکی منت ماچ دەکرد، ئەو بەڕێزە دڵی دەیخواست سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە، ئەو بەڕێزە ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە من چیرۆکی منداڵیمی بۆ بگێڕمەوە، ئەمڕۆ بەیانیش تا دڵی ویستوویەتی تورەی کردوومە و کاتەکانی لێ تاڵ کردووم وەکو ئەوەی کە مووچەیەکی مانگانەم پێدەدات، هەموو ئەوانە لەبەرامبەر چی؟ چل دانە؟ نا سی دانە؟ نا بیست دانە؟ نا تێکڕا دە دۆلار.

**فرێد:** بۆ یەک کردەوەی ئاژەڵی لەو شێوەیە زۆریشە.

**لیزی**: خۆت ئاژەڵی! لە کام تەویلە هاتوویتیە دەر، حەماڵ! حەتمەن دایکت ژنێکی گەڕۆک بوو، لەبەرئەوەی تۆی پەروەردە نەکردووە کە وەکو زانایان ڕێز لە ژنان بنێیت.

**فرێد**: بێدەنگ دەبیت یا نا؟

**لیزی**: بێگومان دایکت ژنێکی گەڕۆکی ناو کۆلانان بووە، ژنێکی ناو کۆڵان!

**فرێد**: (لەسەرخۆ بەڵام بە قینەوە) سەیرکە کچۆڵە ئەگەر دەتەوێت لەم شارە بە سەلامەتی بگوزەرێنیت و نەتخنکێنن ، ئەوا لەبەردەم منداڵانی ئەم شارە بەم شێوەیە قسە لەبارەی دایکیان مەکە.

**لیزی**: (بەرەو ڕووی ئەو دەڕوات) بمخنکێنە! بمخنکێنە! دەی با ببینم.

**فرێد**: (دەکشێتە دواوە) ئارام بەرەوە.(لیزی گوڵدانێکی سیرامیکی لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت و دەیەوێت بەسەری فرێد بیشکێنێت) ئەمە دە دۆلاری دیکەش ئارام بەرەوە، هێور بەرەوە دواتر بەندت دەکەم.

**لیزی**: تۆ دەمخەیتە زیندانەوە؟

**فرێد**: بەڵێ من.

**لیزی**: تۆ!؟

**فرێد** : من.

**لیزی**: پێکەنینم پێدێ، ئەگەر توانیت بمخەرە زیندان.

**فرێد:** من کوڕی کلارکم.

**لیزی:** کوڕی کام کلارک؟

**فرێد:** ئەندامی ئەنجومەنی پیران.

**لیزی:** بەڕاست؟ باشە کەواتە منیش کچی سەرۆک کۆمارم.

**فرێد:** تۆ وێنەی کلارکت لەناو ڕۆژنامەکان بینیوە؟

**لیزی:** بەڵێ، دواتر؟

**فرێد:** ئەمە وێنەی ئەوە(وێنەیەکی پێ نیشان دەدات) من لەتەنیشتی ئەوم و ئەویش دەستی لەسەر شانم داناوە.

**لیزی:** (لەناکاو هێور دەبێتەوە) جێگەی باوەڕ نییە، بڕوانە باوکت چەند چاکە، با بیبینم(فرێد وێنەکەی لەدەستی دەردێنێت).

**فرێد:** ئێستا بینیت ئیتر بەسە.

**لیزی:** جوانە، وەکو مرۆڤێکی چاکەکار و دادپەروەر دێتە پێش چاوان، ئەوە ڕاستە کە دەڵێن قسەکانی وەکو هەنگوینە و زمانێکی لووسی هەیە.(فرێد وەڵامی ناداتەوە) ئەم باغەش کە لەناویدا وێنەتان گرتووە هی خۆتانە؟

**فرێد:** بەڵێ.

**لیزی:** باغێکی گەورەیە، ئەم کچە بچووکانەش کە لەسەر کورسییەکان دانیشتوون خوشکتن؟(فرێد وەڵام ناداتەوە) خانوەکەتان لەسەر گرد دروستکردووە؟

**فرێد:** بەڵێ.

هەواڵنامەی کتێب

**لیــزی**: کەواتە بەیانیــان کە نــانی بەیــانی دەخۆیــت تەواوی شارەکە لە پەنجەرەی خۆتدا دەبینی.

فرێد: بەڵێ.

**لیزی**: بوەستە بزانم، لەکاتی نانخواردندا بۆ ئەوەی هەموویان بێن دابنیشـن لەنـاو بـاغەکەدا زەنـگ لێـدەدەن؟ بەڵـێ! تکـایە وەڵامم بدەوە.

**فرێد**: زەنگۆڵ لێدەدەن.

**لیزی**: سەیرە! هیچ سەر لەکاری تۆ دەرناکەم، ئەگەر من وەک تۆ خاوەنی خێزانی وەها و خانوێکی لەو جۆرە بوام هەرگیز لەماڵی کەسێکی بێگانە نەدەخەوتم.(کەمێک بێدەنگی) سـەبارەت بە دایکیشت داوای لێبوردن دەکەم، توڕەبووم، ئەرێ بەڕست ئەویش لەناو وێنەکە دایە؟

**فرێد**: بەڵام من لێتم قەدەغە کردبوو کە ناوی ئەو بهێنیتە سەر زمانت.

**لیزی**: باشـە، زۆر باشـە،( بێدەنگی) من دەمەوێت شـتێکت لـێ بپرســم(فرێد وەڵام نــاداتەوە)ئەگەر نزیـک کەوتـنەوە لەمــن بەلاتەوە هیچ چێژێکی نییە، کەواتە لەبەرچی هـاتووی بۆ ئێرە و چی دەکەیت(فرێد وەڵام ناداتەوە، لیزی ئاهێک هەڵدەکێشێت) هەرچۆنێک بێـت مـادام لەلای منـی مـن هەوڵـدەدەم خـوو بە ڕەفتار و ڕەوشتەکانی تۆ بگرم.

کەمێک بێدەنگی، فرێد لەبەردەم ئاوێنەکەدا قژی خۆی بە شانە دادەهێنێت.

**فرێد:** تۆ لەباکورەوە بەرەو ئێرە هاتووی؟

**لیزی:** بەڵێ.

**فرێد:** لە نیویۆرکەوە؟

**لیزی:** لەوێ یا لە شوێنێکی دیکە چ گرنگییەکی بۆ تۆ هەیە؟

**فرێد:** ئاخر تازە قسەت لەبارەی نیویۆرکەوە دەکرد.

**لیزی:** گشت کەسێک دەشێت قسە لەبارەی نیریۆرکەوە بکات، چ گرنگییەکی هەیە؟

**فرێد:** لەبەرچی لەوێ نەمایتەوە؟

**لیزی:** ئیتر لەوێ بێزار ببوم، غەمم هەبوو.

**فرێد:** غەم و خەفەت و کێشەت هەبوو؟

**لیزی:** بێگومان هەمیشە کێشە و گرفتەکان لە هەموو لایەکەوە بەرەو ڕووم دێن، چارەنووسی کەسانێک بەم شێوەیە، ئەم مارە دەبینیت لەسەر بازنەکەم؟(بازنەکەی خۆی کە لەسەر شێوەی مارە بە فرێد نیشان دەدات) ئەمە هەمیشە مایەی بەدبەختی من بووە.

**فرێد:** کەواتە بۆچی لەدەستی دەکەی؟

**لیزی:** ئێستا کە هەمە دەبێت لەدەستی بکەم، دەڵێن ئەگەر مار بڕەنجێت و لوول بخوات ئەوا تۆڵەکەی شتێکی جەرگبڕە.

**فرێـــــد**: ئەو ژنەی کە ڕەشپێســـــتەکە دەیویســـــت بە زۆر دەستدرێژی بکاتە سەر تۆ بووی؟

**لیزی**: لەبەرچی؟

**فرێد**: مەگەر تۆ پێری کاتژمێر شەش بە شەمەندەفەری خێرا بەرەو ئێرە نەهاتی؟

**لیزی**: بەڵێ.

**فرێد**: کەواتە خۆتی.

**لیزی**: هیچ کەسێک بیرۆکەیەکی لەو شێوەی سەبارەت بە من نەبــووە(بە گاڵتەجــارییەوە پێــدەکەنێت) بە زۆر دەســتدرێژیم بکاتە سەر؟ هیچ لەوە تێدەگەیت کە دەیڵێیت؟

**فرێد**: بێگومان تۆ خودی ئەوی. وێبستەر(webster) دوێنێ لەناو یانەی سەماکەدا چیرۆکی تۆی بۆم گێڕایەوە.

**لیـــزی**: وێبســـتەر؟(بە بێــدەنگییەوە) ئاهـــا، ڕوونبـــوویەوە، ئەو هۆکاری ئەوە بوو!

**فرێد**: لەبەرچی؟

**لیزی**: ئەها! کەواتە ئەم هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەت لەبەر ئەمە بوو؟ ئەمەت لەچاودا دەبریسکایەیەوە؟ بەدڕەوشتییەکت لەژێر سەردا بوو! بەدڕەوشت! زۆر سەیرە بوونی باوکێکی میهرەبانی وەها و کوڕێکی وەک تۆ کە هێندە بێڕەوشتە.

**فرێـد**: دەبەنـگ! (بێـدەنگی) ئەگەر مـن بمزانیـایە ڕەشپێسـتێک دەستدرێژی کردۆتە سەر تۆ.

**لیزی:** باشە، ئەوکات چی دەبوو؟
**فرێد:** (بە لوتبەرزییەوە) من خۆم پێنج خزمەتکاری ڕەشپێستم هەیە، کاتێک لە تەلەفۆن داوام دەکەن و یەکێک لەم ڕەشپێستانە تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت تا بزانێت کێیە، ئەوا بەر لەوەی تەلەفۆنەکەم بداتە دەست پاکژی دەکاتەوە و دەیسڕێتەوە.
**لیزی:** (وەکو ئاماژەیەک بۆ گاڵتەپێکردن فیکە لێدەدات) سەیرە!
**فرێد:** لەم شارەدا ئێمە دوژمنی ڕەشپێستەکانین، بەهەمان شێوە دوژمنی ئەو ژنە سپی پێستانەین، کە لە ڕەشپێستەکان نزیک دەکەونەوە.
**لیزی:** بەسە، هەڵبەتە من هیچ دوژمنایەتییەکم لەگەڵ ڕەشپێستەکان نییە، بەڵام لێشیان نزیک ناکەومەوە.
**لیزی:** چۆن بزانم؟ تۆ ئەهریمەنی، ڕەشپێستەکەش ئەهریمەنە،(لەناکاو) ئەی دواتر؟ کەواتە دەیویست بەزۆر دەستدرێژیت بکاتە سەر؟
**لیزی:** چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟
**فرێد:** بەڵێ، لەناو شەمەندەفەرەکەدا دوو ڕەشپێست هاتنە ناو ئەو ژورۆچکەیەی[٢] کە تۆ لێی دانیشتبووی، پاش چەند خولەکێک هەردووکیان پەلاماریان دایت، تۆ هاوارت کرد و داوای یارمەتیت لە خەڵک کرد، سپی پێستەکان بۆ کۆمەکی تۆ

[٢]. ژووری ناو شەمەندەفەر (المقصورە).و.کوردی.

هـاتن، یەکێـک لە ڕەشپێسـتەکان بە گـوێزانی ڕیـش تاشـین هێرشـی کـردە سـەر سـپی پێسـتەکان، سـپی پێسـتێکێکیش بە گوللەیەک ساردی کردەوە، ڕەشپێستەکەی دیکەش ڕایکرد.

**لیزی:** وێبستەر ئەمانەی بۆ تۆ باسکرد؟

**فرێد:** بەڵێ.

**لیزی:** لەکوێ زانیویەتی؟

**فرێد:** تەواوی شار قسەی لەبارەوە دەکات.

**لیزی:** تەواوی شار؟ ئەمەش لەبەختی ڕەشی من! ئایا خەڵکی شار هیچ کارێکی دیکەیان نییە تا بیکەن؟

**فرێد:** مەگەر وا نەبووە؟

**لیـزی:** هەرگیـز! هـیچ کاتێـک شـتێکی وا نەبـووە، دوو ڕەشپێسـتەکە بەهێمنـی دانیشـتبوون و قسـەیان لەگەڵ یەکـدا دەکرد، تەنانەت سـەیری منیشیان نەدەکرد، لەو کاتەدا چوار کەسـی سـپی پێسـت هـاتنە نـاو ژوورۆچـکەکەی ئـێمە و لە تەنیشت من دانیشتن و دوانیان پاڵەپەستۆیان دەخستەسەرم، بەجۆرێـک کە دەیـانگوت ئەوان لە پێشـبڕکێی ڕەگبـی دەگەڕانەوە، پێشبڕکێکەشیان بردبوویەوە، سـەرخۆش بوون، لەناکاو یەکیان هاواریکرد: بۆنی بۆگەنی ڕەشپێست لێرە دێت، چـوار کەسـیان هەڵیانکوتـایە سـەر ڕەشپێسـتەکان تـا لەپەنـجەرەی شـەمەندەفەرەکە بیـانخەنە دەرەوە، ڕەشپێسـتە بەدبەختەکانیش تا پێیانکرا بەرگریان لەخۆیان کرد، لەئەنجامدا

شـەقێک بەر ڕووخسـاری یەکێک لە سـپی پێسـتەکان کەوت و لەوکـاتەدا سـپی پێسـتێک دەمـانچەکەی دەرهێـنا و یەکێـک لە ڕەشپێســتەکانی پێکــا، ئەمە تەواوی چیــڕۆکەکەیە کە مــن بەچـاوی خـۆم بینیم، ڕەشپێستەکەی دیکەش هەر ئەوەی کە گەیشتینە وێستگە خۆی لە پەنجەرەوە هەڵدایە خوارەوە.

**فرێد:** خەڵک ئەویش دەناسنەوە کە بازیدا و هێندە ناخایەنێت کە بەسزای خۆی دەگات.(کەمێک بێدەنگی) باشە ئێستا بڵێ با بـزانم ئەو کـاتەی کە دەتـبەنە بەردەم دادوەر دەتەوێـت بەو شێوەیەی کە ئێستا گوتت هەر ئاوا بیگێڕیتەوە؟

**لیزی:** چ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟

**فرێد:** وەڵام بدەوە.

**لیزی:** من ناچمە بەردەم دادوەر، من بەتۆم گووت کە هیچ حەز بە گرفتاری و شەڕوشۆڕ ناکەم.

**فرێد:** دەبێت بچیتە بەردەم دادوەر.

**لیزی:** مـن نـاڕۆم، نامەوێت هـیچ سـەروکارێکم لەگەڵ پۆلیسـدا هەبێت.

**فرێد:** ئەگەر خۆیشت نەڕۆیت، ئەوا دەتبەن.

**لیــزی:** زۆر باشــە ئەوکـــات مـــن ڕاســـتی ڕووداوەکە دەڵێم.(بێدەنگی)

**فرێـد:** ئایـا هـیچ درک بەوە دەکەی کە دەتەوێـت چ هەڵەیەک بکەیت؟

**لیزی:** چیدەکەم؟
**فرێد:** تۆ دەتەوێت لە دژی سپی پێشتێک و لە بەرژەوەندی ڕەشپێستێک شایەتی بدەیت؟
**لیزی:** بەڵێ،لەوکاتەی کە من دەزانم سپی پێستەکە تاوانبارە، دەتەوێ بچم بە درۆ گەواهی بدەم؟
**فرێد:** بەڵام سپی پێستەکە تاوانبار نییە.
**لیزی:** دەڵێم مرۆڤی کوشتووە، تۆش دەڵێیت تاوانبار نییە!
**فرێد:** تاوانەکەی چییە؟
**لیزی:** دەڵێم مرۆڤ کوشتن.
**فرێد:** کوشتنی ڕەشپێست مرۆڤکوژی نییە.
**لیزی:** چ جیاوازییەکی هەیە؟
**فرێد:** ئەگەر هەر جارێک کە خەڵک ڕەشپێستێک دەکوژێت ڕاستەوخۆ تاوانبار بکرێت، ئەوا ئیتر نازانین کاری خەڵک بەکوێ دەگات.
**لیزی:** حەق نەبوو بیکوژێ.
**فرێد:** چ هەقێک؟
**لیزی:** هەق نەبوو ڕەشپێستەکە بکوژێت.
**فرێد:** ئۆە! ئەم هەق و یاسایە لە باکوردا باوە، لێرەدا هەق و یاسا ئیشی پێناکرێت.(بێدەنگی) سەرەڕای ئەوەش ئەگەر تاوانباریش بێت نابێت تۆ کەسێکی هاوڕەچەڵەکی خۆت بە گرتن بدەی.

**لیزی:** من پەیوەندی بە کەسەوە نییە و ناشمەوێ بیر لەکەس بکەمەوە، بەڵام ئەگەر لە من بپرسن چیت بینی، ئەوا حەقیقەتەکە باس دەکەم.
**فرێد:** (بەرەو ڕووی لیزی هێرش دەبات)بڵێ بزانم چ مامەڵەیەک لە نێوان تۆ و ئەم ڕەشپێستەدا هەیە؟ لەبەرچی ئەوەندە بەرگری لێدەکەیت؟
**لیزی:** من تەنانەت نایشیناسم.
**فرێد:** کەواتە لەبەرچی لایەنگیری دەکەی؟
**لیزی:** دەمەوێت حەقیقەت بڵێم.
**فرێد:** حەقیقەت! قەحپەیەک بە دە دۆلار دەیەوێت حەقیقەت بڵێت! شتێک نییە بەناوی حەقیقەتەوە حەقیقەت ئەمەیە کە من دەیڵێم: سپییەکان گوتیان و ڕەشەکان وتیان کۆتایی پێهات. لەناو ئەم شارەدا لە بەرامبەر حەڤدە هەزار سپی پێست بیست هەزار ڕەشپێست هەن، ئێرە نیویۆرک نییە، سەرەڕای ئەمەش (تۆماس) پورزای منە.
**لیزی:** چی؟
**فرێد:** تۆماس، هەمان ئەو پیاوەی کە ڕەشپێستەکەی کوشتووە، پورزامە.
**لیزی:** ئەها، دە وابڵێ.
**فرێد:** تۆماس پیاوێکی چاکە و لە خانەوادەیەکی خانەدانە، هەڵبەتە دەزانم ئەم شتانە بەلای تۆوە گرنگیان نییە، بەڵام

هەمدیسان دەڵێم کە ئەم پیاوە لە خێزانێکی گەورە و خانەدانە و مرۆڤێکی چاکە.
**لیزی**: سەیرە! ئایا ئەو پیاوەی کە بە بێ شەرمکردن خۆی بە زۆر بە مەمکەکانمەوە دەلکاند و دەیویست جلەکەم بەرز بکاتەوە مرۆڤێکی چاک و خانەدانە؟ کەمێک ئابرووماں لەم پیاوە چاکەوە پێبدە! ئەوە تووشی سەرسوڕمانیم ناکات کە هەردووکتان لەم خانەوادەیە بن.
**فرێد**: (دەستی بەڕووی لیزیدا بەرز دەکاتەوە) چەپەڵ!( پێش چاوی خۆی دەگرێت) تۆ ئەهریمەنی، دەبێت تەنیا بە زمانی شەڕ قسە لەگەڵ ئەهریمەنەکاندا بکرێت، دەڵێی تۆماس کراسەکەتی هەڵداوەتەوە؟ یان ڕەشپێستێکی پیسی کوشتووە؟چ گرنگییەکی هەیە؟ ئەمانە ڕووداوی ئاساییین و گرنگی و بەهایەکیان نییە، بەڵام ئەوشتەی کە گرنگە ئەوەیە کە تۆماس سەرۆکی ئێمەیە.
**لیزی**: سەرۆک و مەرۆک نازانم، بەڵام ئەو شتەی ڕوونە ئەوەیە کە ڕەشپێستە بەدبەختەکە هیچ شتێکی نەکردبوو.
**فرێد**: ڕەشپێستێک هیچ کاتێک نییە کە شتێکی نەکردبێت.
**لیزی**: من دەزانم کە هیچ شتێکە نەکردبوو و منیش هەرگیز ئامادەی ئەوە نیم کە کەسێک ڕادەستی پۆلیس بکەم.
**فرێد**: ئەگەر ڕەشپێستەکە بە گرتن نەدەیت، ئەوا تۆماس بەگرتن دەدەیت، لە گشت بارەکاندا یەکێک لەو دوو کەسە بە

گــرتن دەدەی، ئێســتا لەنێــوان ئەم دوو کەســە یەکێکیــان هەڵبژێرە.

**لیــزی:** ئەهــا، ئێســتا ئیتــر تەواو بــوو، مــن دەزانــم کە هەمیشــە بەدبەختــی و گرفتــاری بۆســەی بــۆ مــن داناوەتەوە(ســەیری بــازنەکەی دەکــات و لەدەســتی دەردێنێــت) هەی شــوومی نەفرەتی! تۆ بوویتە بەڵای گیانم( بە توندی بازنەکە بەزەویدا دەکێشێت).

**فرێد:** ئێستا بڵێ بزانم بۆ ئەم کارەی تۆماس چەندت دەوێت؟

**لیزی:** من پارەم ناوێت.

**فرێد:** پێنج سەد دۆلار؟

**لیزی:** پێمگوتی من پارەم ناوێت.

**فرێد:** سەیرکە، پێویستە شەوانێکی زۆر ئازاری گیانت بدەی تا ئەم برە پارەیە بەدەست دەهێنیت.

**لیــزی:** بێگومــان، بەتــایبەت کاتێــک خــۆم بە چەنــد کڕیــارێکی قرچــۆکی وەک تــۆ دەبەخشــم.(ماوەیەک بێــدەنگی) کەواتە بــۆ ئەمە مەســەلەیە بــوو کە دوێنــێ شــەو ئامــاژەت بــۆ کــردم و لەگەڵمدا هاتیە ماڵەوە؟

**فرێد:** بێگومان.

**لیــزی:** ئەهــا! کەواتە بــۆ ئەمە بــوو، بێگومــان بە خۆتــت گــوت: کچۆڵەیەکی گەمژەم پەیدا کردووە، لەگەڵی دەچمەوە ماڵ و قەناعەتی پێدەکەم، کەواتە بۆ ئەمە بوو! لە ڕێگادا دەستەکانمت

دەگووشی، بەڵام من هەستم بەوە دەکرد کە هیچ گەرمییەک لە جەستەتدا نییەو وەکو بەفر سارد و بێ گیانی، بیرتدەکردەوە کە دەبێت چۆن ڕازی بکەیت؟(بێدەنگی) ڕاست بڵێ با بزانم: تۆ کە بەم بیرۆکەوە بەرەو ماڵی من هاتی چ پێویستییەکت بەوە هەبوو تا لە من نزیک بکەویەوە، ها؟ لەبەرچی لەگەڵم خەوتی، بەدڕەوشت؟ لەبەرچی لەگەڵم خەوتی؟

**فرێد**: سوێند دەخۆم خۆیشم نازانم لەبەرچی.

**لیزی**: (بە گریە و زارییەوە لەسەر کورسییەک دادەنیشێت) چەپەڵ! گەمژە! چەپەڵ.

**فرێد**: پێنج سەد دۆلار! مەگریێ! پێنج سەد دۆلار! ئیتر بەسە گریە و زاری مەکە! پێنج سەد دۆلار! لیزی، لیزی، هێندە بێ مێشک مەبە! پێنج سەد دۆلار.

**لیزی**: (بە فرمێسکبارانەوە) من بێ مێشکم، پێنج سەد دۆلارەکەتم ناوێت، من نامەوێت بە درۆ گەواهی بدەم، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ نیویۆرک، من لەو شارە بێزار بووم، دەمەوێت بڕۆم. (زەنگی دەرگاکە لێدەدات، لیزی لەناکاو هێور دەبێتەوە، دوبارە زەنگەکە لێدەدەن، بە دەنگێکی نزم) چی بووە؟ دەنگت نەیەت ( زەنگێکی دوور و درێژ لێدەدەن) من دەرگاکە ناکەمەوە، پێویستە بێدەنگ و هێمن بیت.(بە شەق و مشتەکۆڵە لە دەرگاکە دەدەن)

**دەنگێک لە دەرەوە:** بیکەنەوە پۆلیسە.

**لیزی:** (بە دەنگێکی نزم) پۆلیس! سەیرە، چاوەڕوانی ئەمە بووم(سەیری بازنەکەی دەکات)تەواوی ئەم شەڕ و بەڵایانە بەهۆی شوومی تۆوە بەسەرم دێت.(خۆی دەچەمێنێتەوە و بازنەکە هەڵدەگرێت) ئێستا کە وایە ئیتر هەرچی دەبێت با ببێت هەمدیسان بازنەکە لەدەست دەکەم.(ڕوو لە فرێد دەکات) بڕۆ خۆت بشارەوە.

بە توندی لە دەرگاکە دەدەن.

**دەنگ:** پۆلیس!

**لیزی:** دەڵێم بڕۆ خۆت بشارەوە، بڕۆ ناو گەرماوەکە.( فرێد بەبێ جووڵە وەستاوە، لیزی پاڵی پێوە دەنێت) لەبەرچی وەستاوی؟ دەڵێم بڕۆ.

**دەنگ:** تۆ لێرەی فرێد؟ فرێد؟ تۆ لێرەیت؟

**فرێد:** بەڵێ، من لێرەم(لیزی بە سەرسوڕماوییەوە سەیری ئەو دەکات).

**لیزی:** کەواتە بۆ ئەمە بوو! ئیتر هەموو شتێکم بۆ ڕوون بوویەوە.

فرێد دەرگاکە دەکاتەوە، جۆن و جێمز دێنە ژوورەوە.


gettyimages

# دیمەنی سێیەم

## هەر هەمان کەسایەتییەکان لەگەڵ جۆن و جێمز

## دەرگای هاتنە ژوورەوە لەسەر پشتە

**جۆن**: (لیزی ماک کەی) تۆی؟

**لیزی**: (بەبێ ئەوەی ڕوو بە جۆن بدات بە واق وڕماوییەوە لە فرێد ڕادەمێنێت) کەواتە تەواوی ئەم فیڵ و تەڵەکەبازییە لەبەر ئەمە بوو؟

**دەنگ**: (پاڵ بە شانی لیزییەوە دەنێت) کاتێک پرسیارێکت لێدەکەن وەڵام بدەوە.

**لیزی**: ها ؟ بەڵێ خۆمم.

**دەنگ**: ناسنامەکەت.

**لیزی**: (بە شان و شکۆ و جیددییەوە وەڵام دەداتەوە) بە چ مافێک ئەم پرسیارەم لێدەکەیت؟ لەبەرچی تۆ لێرەیت؟ (جۆن ئەو ئەستێرەیەی پێ نیشان دەدات کە نیشانەی پۆلیسییە) گشت کەسێک دەتوانێت ئەستێرەیەک لە جلی خۆی بدات، ئێوە

هەردووکتان هاوڕێی ئەم بەڕێزەن و پێکەوە بڕیارتان داوە کە من بخەنە ناو تەڵەکەبازییەی خۆتانەوە.
**جـۆن**: ( ناسـنامەی خـۆی بەو نیشـان دەدات) ئەم کـارتە دەناسیتەوە؟
**لیزی**: (ئاماژە بۆ جیمز دەکات) ئەویش هەیەتی؟
**جـۆن**: (بـۆ جیمـز) ناسـنامەکەتی پـێ نیشـان بـدە.(جیمز ناسنامەکەی خۆی نیشان دەدات، لیزی ناسنامەکە دەبینێت و بەرەو لای مێزەکە دەڕوات و ناسنامەی خۆی دەردەهێنێت و پێیان دەدات، جیمز ئاماژە بۆ فرێد دەکات). ئەم گەنجە دوێنی شـەو لە مـاڵەکەی تـۆ بـووە، تـۆ بەچـاکی لەوە ئاگاداریـت کە داوێنپیسی تاوانە، سزای هەیە.
**لیزی**: ئایا ئێوە متمانەی تەواوتان هەیە لەوەی کە ئەو مافەتـان هەیە بەبـێ هـیچ فەرمانێـک پـێ بـخەنە مـاڵی خەڵـکەوە؟ لەوە ناترسن کە من بەهۆی ئەمەوە ببمە مایەی گیروگرفت بۆتان؟
جۆن: خەمی ئێمەت نەبێت، لێت دەپرسم لەبەرچی ئەم پیاوەت هێناوتە ماڵەکەی خۆت؟
**لیزی**: (لەو کـاتەوەی کە پۆلیسـەکان هـاتوون تـۆنی قسـەکردنی گـۆڕاوە و پتەوتـر و ڕەشـۆکیانەتر قسـە دەکـات) ئێوە مێشـکم دەهێشـینن، بێگومـان مـن خـۆم ئەوم هێنـاوەتە مـاڵەوە، بەڵام بەخۆڕایی و بێ پارە لەگەڵیدا خەوتووم، تێگەیشتن؟

**فرێد**: سەیری سەر مێزەکە بکەن دوو دە دۆلاری لێیە ئەمانە هی منن، من بەوم دا.
**لیزی**: شتی وا نییە، بیسەلمێنە؟
**فرێد**: (بەبێ ئەوەی سەیری بکات ڕوودەکاتە پۆلیسەکە) من دوێنی ئەم پارانەم لەگەڵ بیست و هەشت دانەی دیکە کە هەموویان هەڵگری ژمارەی یەک لەدوای یەکن لە بانک وەرگرت، دەتوانیت سەیری ژمارەکانیان بکەیت، ئەوسا بۆتان ڕوون دەبێتەوە.
**لیزی**:( بە توندییەوە) من قبوڵم نەکرد، من ئەم پارە پیسەم ڕەتکردەوە و بەڕویدا پەرش و بڵاو کردەوە.
**جۆن**: ئەگەر ڕەتتکردەوە لەبەرچی هێشتا لەسەر مێزەکەیە؟
**لیزی**:( دوای کەمێک بیرکردنەوە و بێدەنگی) ئێستا لابا ئیتر ئەو وەڵامتان بداتەوە:( بە ڕق و واق وڕماوییەوە سەیری فرێد دەکات و بە دەنگێکی نەرم و داواکارییەوە پێیدەڵێت) کەواتە تەواوی ئەم یارییە بۆ ئەمە بوو! (بۆ دوو پۆلیسەکە) چاکە، چیتان لە من دەوێت؟
**جۆن**: (بە فرێد دەڵێت) دانیشە، بابەتەکەت تێگەیاندووە؟(فرێد سەری دەلەقێنێت وەکو ئاماژەیەک بۆ گوتنی بەڵێ) پێت دەڵێم دانیشە(ئەو لەسەر کورسییەک دادەنیشێت) ئەگەر تۆ شایەتییەکی بە نووسراو بدەیت، ئەوا دادوەر ئامادەیە تۆ ئازاد بکات، ئێمە ئەو شایەتوومانەمان نووسیوە و تۆ دەبێت واژۆی

بکەیت، بەیانیش  بە فەرمی بەدواتدا دەنێرن، خوێندەواریت هەیە؟(لیزی شانی هەڵدەتەکێنێت، کاغەزەکەی پێدەدەن) بیخوێنەوە و وواژۆی بکە.

**لیزی:** (دوای خوێندنەوە) لە سەرتاوە تا کۆتایی ساختەیە و درۆیەکی شاخدارە.

**جۆن:** لەوانەیە، بەڵام...

**لیزی:** من واژۆی ناکەم.

**فرێد:** (بیبەن)  (بە لیزی دەڵێت)هەژدە مانگ زیندان.

**لیزی:** هەژدە مانگ زۆر چاکە، بەڵام کاتێک بێمە دەرەوە پێستت کەوڵ دەکەم.

**فرێد:** ئەگەر توانیت، هەر کارێکت لەدەست هات بیکە.(بۆ دوو پۆلیسەکە) پێویستە ئێوە تەلەفۆنێکیش بۆ نیویۆرک بکەن وا گومان دەکەم کە لەوێش کێشە و گرفگەلێکی هەبێت.

**لیزی:** (بە سەرسوڕماوییەوە) بەڕاستی مرۆڤێکی یەجگار چەپەڵت هاوشێوەی ژنێکی سۆزانیت!، من هەرگیز وا گومانم نەدەکرد کە کەسێک بەو ئەندازەیە پیس بێت.

**جۆن:** زوو بڕیار بدە، واژۆی دەکەی یان نا؟

**لیزی:** من زیندانم بە پەسەندتر دادەنێم، هەرگیز درۆ ناکەم.

**فرێد:** ناتەوێ درۆ بکەیت؟کەواتە دوێنێ شەو چکارێکت دەکرد، درۆت نەدەکرد؟ کاتێک بە منت دەگوت:ئازیزی من، خۆشەویستم، پیاوە بچووکەکەی من هەموو ئەوانە درۆ

نەبوون؟ کاتێک ئاه و ئۆفت هەڵدەکێشا تا منی وا بیرکەمەوە کە حەزت پێمە، درۆت نەدەکرد؟

**لیزی:** (بە دڵنیاییەوە) نا،درۆم نەدەکرد، پێویستییەکم نەبوو، ڕازیت ها؟

**فرێد:** ئیتر با تەواوی بکەین، دەی قەڵم جافەکەم بگرە و واژۆی بکە.

**لیزی:** قەڵەمەکەت بخەوە شوێنی خۆی من واژۆی ناکەم.

بێدەنگی، سێ پیاوەکە بە پەرێشانی و شەکەتییەوە سەیری یەکتر دەکەن.

**فرێد:** ئەمە واتای چییە کارمان بێرە گەیشتووە، کە چارنووسی چاکترین پیاوی شارەکەمان کەوتۆتە دەستی ژنێکی بێ بەها!(دوو سێ جار بە خێرایی لەژورەکەدا دێت و دەچێت، پاشان بەتوندی پەلاماری لیزی دەدات) سەیرکە (وێنەیەکی پێ نیشان دەدات) تۆ، لە ژیانە پیس وگڵاوەکەتدا زۆر پیاوت دیوە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ یەکێکیان لەمە چووە؟ ئەم نێوچەوانە ببینە، ئەم چەناگەیە ببینە، ئەم میدالیایانە لە سینە پانوپۆڕەکەی ببینە، نا ئاوڕ مەدەوە، بە چاکی تەماشا بکە، چارەنووسی ئەم پیاوە بەدەستی تۆیە، ئەم پیاوە دەبێت ببێتە قوربانی شەهوەتڕانی تۆ، بە جوانی سەیری ڕوخساری بکە، دەبینی چەندە ڕوێکی گەنجانەی هەیە، چەند بەرز و باڵایە، چەندە جوانە، بەڵام دڵنیابە لە دوای دەساڵ زیندانی کاتێک

دێتە دەرەوە بەژنێکی چەماوەی وەکو پیرەمێردێکی دەبێت و ڕووخساریشی پڕ چرچ و لۆچ دەبێت، ئیتر تاڵە پرچێکی بەسەریەوە نەماوە و ددانێکی لە دەمدا نەماوە، تۆ بەم کارە خۆشحاڵ و شادمانی، ها؟ تۆ تا ئەمڕۆ پارەی خەڵکت لە گیرفانیان دزیوە، بەڵام ئێستا باشترین و شکۆدارترین پیاوت هەڵبژاردووە تا ژیانی بدزیت؟ بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ ئیتر هیچ ناڵێیت، ها؟ لاڵ بووی؟ تۆ هێندە بۆگەنی کە تەنانەت ئێسقانەکانیشت گەنیوی لێیداوە.(دەستی ئەو دەگرێت و بە توندییەوە دەیخاتە سەر ئەژنۆ) دەی بکەوە سەر ئەژنۆ قەحپەی چەپەڵ! لەبەردەم وێنەی پیاوێک کە دەتەوێت ئابرووی ببەی.

کلارک لە دەرگای هاتنەژورەوە کە لەسەر پشتە دێتە ژوورەوە.

# دیمەنی چوارەم

**هەمان ئەو کەسانە لەگەڵ سیناتۆر کلارک(ئەندامی ئەنجومەنی پیران)**

**سیناتۆر کلارک:** بەریدەن! (بە لیزی دەڵێت) خاتوون لەسەر عەرزەکە هەڵسەوە.

**فرێد:** هێڵەو[3]!

**جۆن:** هێڵەو!

**کلارک:** هێڵەو! هێڵەو!

**جۆن:** (بە لیزی دەڵێت) ئەمە بەڕێز سیناتۆر کلارکە.

**کلارک:** (بە لیزی دەڵێت) هێڵۆ!

**کلارک:** سڵاو و ئەحواڵپرسی کۆتایی پێهات.(سەیری لیزی دەکات) ئەمە خاتوونە گەنجەکەیە، وادەردەکەوێت کە ژنێکی زۆر ڕووخۆشە و میهرەبان بێت.

**فرێد:** نایەوێت واژۆی بکات.

**سیناتۆر کلارک:** بەتەواوەتی هەقی خۆیەتی، منیش لە جێگەی ئەو بومایە واژۆم نەدەکرد، ئێوە بەبێ هیچ هەقێک هاتوونەتە

---

[3] . Hello.

ماڵەکەی ئەو( لە بەرامبەر ئەمەدا جۆن ڕەفتار و جوڵەیەکی تووڕەیی ئامێز دەنوێنێت) بەڵێ، بەڵێ بەبێ ئەوەی بچووکترین مافتان هەبێت، سەرەتا زۆر بە تووڕەیی و توندی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، پاشانیش دەتانەوێت ناچاری بکەن کە بەپێچەوانەی ویژدانی خۆی قسە بکات، ئەم ڕەوشتە ڕەوشتی ئەمریکی نییە، باشە کچی من ئایا ئەم ڕەشپێستە بەرامبەر بە ئێوە هیچ توند و تیژییەکی نواندووە و دەستدرێژی کردۆتە سەرت؟

لیزی: هەرگیز.

**سیناتۆر کلارک:** زۆر چاکە ، وەڵامێکی ڕاشکاوانە و دەمکوتکەرە، ئێستا حەقیقەت ڕوونبوویەوە.

سەیری ناو چاوەکانم بکە(سەیری دەکات) من دڵنیام کە هەرگیز درۆ ناکەیت(کەمێک بێدەنگی)، ئای ماری(mary) داماو. (بەوانیتر دەڵێت) دەی باشە کوڕەکان ئیتر بڕۆن، ئێمە ئیتر کارێکمان لێرە نەماوە، تەنیا پێویستە داوای لێبوردن لەم خاتوونە بکەین و بڕۆین.

**لیزی:** ماری کێیە؟

**سیناتۆر کلارک:** ماری؟ خوشکی منە، دایکی ئەم تۆماسە بەدبەختەیە، پیرەژنێکی ئازیزی داماو کە بێگومان بەهۆی ئەم غەمەوە دەمرێت، خوات لەگەڵ.

**لیزی:** (بە دەنگێکی کاریگەرەوە) بەڕێز سیناتۆر

**سیناتۆر کلارک:** بەڵێ کچەکەم.
**لیزی:** من زۆر بەداخم .
**سیناتۆر کلارک:** بۆچی بەداخ بیت؟ ئێوە بێجگە لە وتنی حەقیقەت شتێکی دیکەتان نەگوتووە؟
**لیــزی:** زۆر بەداخەوەم کە لایەک لەم ڕاســتییە پەیوەنــدی بە ئێوەوە هەیە.
**سیناتۆر کلارک:** ئای خاتوون، نە تۆ و نە من هیچ گوناهێکمان نییە و هیچیش لە ئەستۆی ئێمە نییە، هیچ کەسێکیش ئەو مــافەی نیــیە کە ئێــوە ناچــار بکــات تــا گەواهــی بە درۆ بــدەن.(کەمێک بێــدەنگی) نــا چیتــر ســەبارەت بەو هێنــدە بیرمەکەرەوە.
**لیزی:** بیر لە کێ نەکەمەوە؟
**سیناتۆر کلارک:** لە خوشکم، ئایا ئێوە بیرتان لە خوشکەکەم نەدەکردەوە؟
**لیزی:** بەڵێ.
**سیناتۆر کلارک:** سەیرکە، من بیری ئێوە دەخوێنمەوە، دەتاوێت ئێستا پێتبڵێم کە چ بیرێک لە مێشکت دایە؟ تۆ بەخۆت دەڵێیت: (هاوشێوەی لیزی قسە دەکات) (ئەگەر من کاغەزە واژۆ بکەم، بەڕێز سیناتۆر دەچێتە بەردەم خوشکەکەی و پێیدەڵێت (لیزی ماک کەی) کچێکی یەجگار میهرەبان و چاکە و تۆ دووبارە ژیانی کوڕەکەت لەوەوە دەست کەوتەوە) ئەویش لەنێو ئەو

فرمێسـک و خـوێنەی کە لەچاوانیـدا دێتەخـوارەوە خەنـدە دایدەگرێت و دەڵێت: ( لیزی مـاک کەی؟ مـن هەرگیز ئەم نـاوە لەبیر ناکەم) (بەڵام من کە لیزی ماکم، منێک کە چارەنووس منـی تـوڕداوەتە قـولایی کۆمەڵگـا، پیرەژنێکی ئاسـایی لە مـاڵە گەورەکەی خۆیدا هەرگیز مـن لەبیـر خـۆی ناباتەوە، هەمیشـە ڕووم تێدەکات و لەکۆتاییدا دایکێکی ئەمریکایی پەیدا بـوو، کە لە دڵیـدا مـن وەکـو کچـی خـۆی پەسـەند بکـات ) ئـاخ لیـزی قەشەنگ، ئیتر بیر لەو شتانە مەکەرەوە.

**لیزی:** ئایا ئەو پرچی سپییە؟

**سیناتۆر کلارک:** تەواو سپییە وەکو بەفر، بەڵام ڕووخساری بە جوانی و تەڕ و پاراوی ماوەتەوە، ئەگەر پێکەنینیت دەبینی!... بەڵام هەرگیـز جـارێکی دیـکە پێناکەنێـت، خـوات لەگەڵ لیـزی دڵفڕێن، بەیانی ڕاستی ڕووداوەکە بە لێکۆڵەر بڵێ.

**لیزی:** دەتەوێت بڕۆیت؟

**سیناتۆر کـلارک:** بەڵـێ، ئیتـر دەبێـت بچـمە لای خوشـکەکەم، پێویستە دەرەنجامی گفتوگۆکەمانی پێ ڕابگەیەنم.

**لیزی:** ئایا ئەو دەزانێت کە ئێوە هاتوونەتە ئێرە؟

**سیناتۆر کلارک:** (سەیرە!) من بە تکای ئەو هاتمە ئێرە.

**لیـزی:** خـودایە! ئێسـتا ئەو چـاوەڕوانی دەرەنجـامی قسـەی ئێمەیە؟ ئێوەش بەو دەڵێن کە مـن واژۆکردنـی ئەم کـاغەزی شایەتیدانەم ڕەتکردۆتەوە؟ بێگومان زۆر ڕقی لێم دەبێتەوە.

**سیناتۆر کلارک:** (دەستی لەسەر شانی لیزی دادەنێت) کچۆڵە داماوەکەم! من هیچ ئارەزووی ئەوە ناکەم کە لە شوێنی ئێوە بوام.
لیزی: تووشی چ گیژەن و گرفتارییەک بووم! (بە بازنەکەی خۆی دەڵێت) هۆکاری هەموو ئەو شەڕو و شۆڕ و گرفتاریانە تۆی هەی چەپەڵ!.
**سیناتۆر کلارک:** چۆن؟
**لیزی:** هیچ شتێک(کەمێک بێدەنگی) ئێستا کە کارەکە گەیشتۆتە ئێرە چەندە جێگەی داخە کە ڕەشپێستەکە بە ڕاستی دەست درێژی نەکردۆتە سەرم، خۆزگە بیکردبوایە.
**سیناتۆر کلارک:** (بەداخێکی زۆرەوە) کچۆڵە میهرەبانەکەم!
**لیزی:** (بە غەمبارییەوە)ئەگەر ئەم کارە ببوایە ئێوە دوچاری ئەم هەموو ئازارە نەدەبوون و منیش هێندە گرفتار نەدەبووم و ڕەنجم نەدەکێشا و یارمەتیم دەدان.
**سیناتۆر کلارک:** زۆر سوپاسگوزارم(بێدەنگی) چەندە حەزمدەکرد کە بتوانم لەم کاتەدا یارمەتیت بدەم تا ببمە مایەی ئاسوودەیی بۆ ویژدانت(بێدەنگی) بەڵام بەداخەوە! حەقیقەت هەر حەقیقەتە و ناتوانرێت بشاردرێتەوە!
**لیزی:** (بە غەمبارییەوە) بەڵێ ڕاستە، بەداخەوە.
**سیناتۆر کلارک:** لەم بارەوە ڕاستییەکە ئەوەیە کە ڕەشپێستەکە هەرگیز دەستدرێژی نەکردۆتە سەر ئێوە.

**لیزی:** (بە هەمان تۆن) بەڵێ ، بەداخەوە.

**سیناتۆر کلارک:** بەڵێ ڕاستە.(کەمێک بێدەنگی) بێگومان ئەم کێشەیە لەپێشی پێشەوەیە و لێرەدا حەقیقەتێکی گەورە لەئارادایە.

**لیزی:** (بەبێ ئەوەی لە واتای قسەکەی ئەو بگات) حەقیقەتێکی گەورە...

**سیناتۆر کلارک:** دەمویست بڵێم، حەقیقەتێکی باو و ڕەشۆکییە.

**لیزی:** ڕەشۆکی؟ کەواتە دەتەوێت بڵێیت حەقیقەت نییە؟

**سیناتۆر کلارک:** بۆچی، بۆچی، حەتمەن حەقیقەتە، بەڵام حەقیقەت چەند جۆر و بەشێکی هەیە.

**لیزی:** کەواتە تۆ لەو باوەڕەدای کە ڕەشپێستەکە دەستدرێژی کردۆتە سەرم؟

**سیناتۆر کلارک:** نا، نەخێر، هەرگیز دەستدرێژی نەکردۆتە سەرت، واتە لە ڕوانگەیەکەوە هیچ دەستدرێژی نەکردۆتە سەرت، گوێبگرە، من پیرەپیاوێکم تەمەنێکی زۆرم گوزەراندووە و زۆر هەڵەم کردووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا کەمتر دوچاری هەڵە دەبم، لەبەرئەوە بیروڕام لەسەر تێکڕای بابەتەکە لەگەڵ بیروڕای تۆ جیاوازە.

**لیزی:** چۆن؟ تۆ چ بیروڕایەکت هەیە؟

**سیناتۆر کلارک:** چۆن بۆتی بخەمەڕوو؟ ... بەڵێ بۆ نموونە وا وێنا بکە کە نەتەوەی ئەمریکا لەناکاو پێکڕا بێنە بەردەمت چیت پێدەڵێن؟
**لیزی:** (بە پەشۆکاوییەوە) من چوزانم چی دەڵێن، هەرچۆنێک بێت لەو باوەڕەدا نیم کە شتێکی سەرسوڕهێنەر هەبێت تا بە منی بڵێن.
**سیناتۆر کلارک:** تۆ لەوانیت، مارکسیت؟
**لیزی:** ئاخ خودایە، خوا نەکات، هەرگیز! من حەزم بەو شتە نییە.
**سیناتۆر کلارک:** کەواتە لەم بارەدا زۆر شت هەن تا بە تۆی بڵێن، بۆ نموونە بێگومان بە تۆ دەڵێن: (لیزی تۆ کەوتویتە بارودۆخێکەوە، کە پێویستە لەنێوان دوو ڕۆڵە لە ڕۆڵەکانی من یەکێکیان هەڵبژێریت، دەبێت یەکێک لەم دوانە لەناو بچێت، لەکاتێکی وەهادا دەبێت چی بکرێت؟ هەڵبەتە دەبێت کوڕە چاکەکە بپارێزرێت، باشە با ئێستا لێیبکۆڵینەوە و ببینین کوڕە چاکەکە کامیانە، حەزدەکەی؟)
**لیزی:** پڕ بە دڵم حەزدەکەم، ئۆ ببورە من وابیرمدەکردەوە کە لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم.
**سیناتۆر کلارک:** بەڵێ من قسە دەکەم، بەڵام بەناوی گەلی ئەمریکاوە(بەردەوامی بە قسەکانی دەدا) پێتدەڵێم گەلی ئەمریکا ( لیزی ئەم ڕەشپێستەی کە تۆ بەرگری لێدەکەیت چ

سوودێکی هەیە؟ سەرەتا بەهۆی ڕێکەوتەوە لەدایکبووە و خوا دەزانێت ، لە کویێ هاتۆتە دونیاوە، من نانم پێداوە، بەڵام ئەو لەبەرامبەردا چ کارێک ئەنجام دەدات؟ بە گشتی هیچ شتێک ئەنجام نادات، تەنیا کۆڵان و کۆڵان دەسوڕێتەوە و دزی دەکات، گۆرانی دەڵێت و پۆشاکی سور و سەوز دەکڕێت، ئەویش کوڕی منە و من وەکو ئەوانیتر ئەوم خۆش دەوێت، بەڵام لە تۆ دەپرسم: ئایا دەبێت ژیانی پیاوێک بەو جۆرە بێت؟ من هەست بە ژیانی ناکەم تەنانەت لە مردنیشی ئاگادار نیم و هەستی پێناکەم)

**لیزی:** قسەکانت قەناعەتپێکەرن.

**سیناتۆر کلارک:** (قسەی پێدەبڕێت و بەردەوامی بە بابەتەکەی دەدات) :( بەڵام ڕۆڵەکەی دیکەم(تۆماس) ڕەشپێستێکی کوشتووە، هەڵبەتە کارێکی خراپی کردووە، بەڵام من پێویستییەکی زۆرم بە بوونی ئەو هەیە، ئەو ئەمریکییەکی سەد لە سەد ڕەسەن و پاکژە و پاشماوەی یەکێک لە کۆنترین خێزانەکانی ئێمەیە خوێندنی لە زانکۆی(هارڤارد) تەواو کردووە و ئەفسەرێکی شیاو و شایستەیە و کاردەکات، من پێویستم بەوانەیە کە کار دەکەن، سەرەڕای ئەمەش هەزاران کرێکار لە کارگەکەی ئەودا ئیش دەکەن و ئەگەر بمرێت بێکار دەمێننەوە، ئەو ئێستا سەرۆکێکی شایستەیە و بەربەستێکی مەزنە لەبەردەم سۆسیالیزم و کۆنترۆڵی سەندیکاکانی

کرێکـاران و جوولەکەکانـدا، ئەو مـافی هەیە بژییێت و تـۆ ئەو ئەرکەت لەسـەرە کە ببیـتە پـارێزەری ژیـانی ئەو، تەواو بـوو، ئێستا هەڵبژێرە!
**لیزی:** ئێوە دەربڕینێکی چەندە چاکتان هەیە!
**سیناتۆر کلارک:** هەڵبژێرە!
**لیزی :** (هەروەکو ئەوەی لەخەو ڕادەپەڕێت) هـا؟ ئەهـا،بەڵێ... ( بیرکـردنەوە لە قسـەکانی ئێـوە کەمێـک گێـژی کـردم، نـازانم گەیشتینە کوێ)
**سیناتۆر کلارک:** لیزی سەیری چاوەکانی من بکە، ئایا متمانەتان بە من هەیە؟
**لیزی:** بەڵێ بەڕێز سیناتۆر.
**سیناتۆر کلارک:** وا گومان دەکەی کە من فرمانی کـارێکی خـراپ بە ئێوە بدەم؟
**لیزی:** هەرگیز، بەڕێز سیناتۆر.
**سیناتۆر کلارک:** کەواتە دەبێـت واژۆی بـکەی، قەڵەمەکەی مـن بگرە.
**لیزی:** وا گومـان دەکەیت کە ئەو بەو کـارەی مـن خۆشـحاڵ و ڕازی بێت؟
**سیناتۆر کلارک:** کێ؟
**لیزی:** خوشکەکەت، ئەم دایکە ئەمریکییە.

**سیناتۆر کلارک:** بێگومـان لە دورەوە تـۆی وەکـو کچـی خـۆی خۆش دەوێت.
**لیـزی:** ڕەنـگە چەپـکە گـوڵێکم بـۆ بنێرێـت، یـا لەوانەیە وێـنە و واژۆی خۆی بنێرێت.
**سیناتۆر کلارک:** بە تەواوەتی دەشێت.
**لیزی:** من وێنەکەی لە دیوار دەدەم.(کەمێک بێدەنگی، لیزی بە هەڵچـوونەوە دێت و دەچێـت) خـودایە چ گرفتـارییەکە! (بەرەو ڕووی سـیناتۆر دێـتەوە) بەڕاسـت ئەگەر واژۆی بـکەم چـی بەسەر ڕەشپێستەکە دێت؟
**سیناتۆر کلارک:** بەسـەر ڕەسپێستەکە؟ ئەهـا، ئەم بـابەتە ئێسـتا شـایەنی بـاس نییە.(شـانەکانی لیـزی دەگرێـت) ئەگەر واژۆی بکەیت تۆ دەبیتە ڕۆڵەی ئازیزی تەواوی شـار، تەواوی شـار، تەواوی دایکانی شار.
**لیزی:** بەڵام...
**سیناتۆر کـلارک:** وا گومـان دەکەیـت کە تێکـڕای دانیشـتوانی شـارێک هەڵە دەکەن؟ تەواوی دانیشـتوان بە قەشـە و پیـاوە ئاینییەکان و پزیشکەکان و پارێزەرەکان و هونەرمەندەکان و فەرمانـدار و بریکارەکـانی لەگەڵ دەزگـا خێرخوازییەکـان هەموویان پێکڕا هەڵە دەکەن؟
**لیزی:** هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز.

**سیناتۆر کلارک:** کەواتە دەستتم پێبدە(ئەو ناچار بە واژوکردن دەکات) ئەوە تەواو بوو، من بەناوی خوشک و خوشکزاکەم، بەناوی حەڤدە هەزار سەرنشینی سپی پێستی ئەم شارە، بەناوی گەلی ئەمریکا کە من نوێنەری ئەو گەلەم سوپاسی تۆ دەکەم. (نێوچەوانت بێنە پێشەوە) (نێوچەوانی لیزی ماچ دەکات و بە کەسەکانی دیکە دەڵێت) دەی با بڕۆین، (بە لیزی دەڵێت) ئەمشەو جارێکی دیکە دەتبینمەوە، سەر لەنوێ قسە دەکەینەوە.(بەخێرایی دەچێتە دەرەوە)
(لە کاتی چوونەدەرەوەدا) لیزی خوات لەگەڵ!
**لیزی:** (نقوومی بیرکردەوە) خوات لەگەڵ.
(هەموویان دەچنە دەرەوە لیزی کەمێک بە مات و گێژییەوە ڕادەمینێت، پاشان لەناکاو بەرەو دەرگاکە ڕادەکات) بەڕێز سیناتۆر! بەڕێز سیناتۆر! من قایل نیم! ئەو کاغەزە بدڕێنە، واژۆکەی من بدڕێنە، بەڕێز سیناتۆر! (بە هەناسە ساردی و بێئومێدی دەگەڕێتەوە ژوورەکە بەرەو ڕووی تەماشاکەران و لە نقوومی دەریای فیکر و ڕاماندا گسکەکە هەڵدەگرێت ) گەلی ئەمریکا!... خێری تێدا نابینم، ئەوان هەموویان فێڵیان لە من کرد و کڵاویان خستە سەرم!
دوگمەی کارەباکە دادەگرێت، گسکەکە دەنگی لێوە هەڵدەستێت، لیزی بە توڕەییەوە گسکەکە دەجوڵێنێت.

**پەردە دادەڕێتەوە**

# تابلۆی دووەم

هەمـــان دیکــۆری تـــابلۆی یەکەم، دوازدە کـــاتژمێر دواتـــر، گلۆپەکـــان داگیرســـاون و پەنجەرەکـــان بەرەو ڕووی کـــۆڵان کراونەتەوە و لەدەرەوە شـەوە، ژاوەژاوێکی زۆر لە کۆڵانەکە دەبیسترێت و وردە وردە زیاتر دەبێت، پیاوە ڕەشپێستەکە لە بەردەم پەنـــجەرە دەردەکەوێـــت و لەپەنـــجەرەکەوە دێـــتە ژوورەوە تا ناوەڕاستی ژوورەکە دێت، زەنگەکە لێدەدرێت و ڕەشپێستەکە خۆی لە پشت پەردە دەشارێتەوە.
لیزی لە گەرماوەکە دێتە دەرەوە و دەچێتە لای دەرگای هـاتنە ژوورەوە و دەرگاکە دەکاتەوە.



# دیمەنی یەکەم

**لیزی، سیناتۆر کلارک، ڕەشپێستەکە(کە لە پشت پەردە خۆی شاردۆتەوە)**

**لیزی:** فەرموو وەرە ژوورەوە(سیناتۆر دێتە ژوورەوە) چی ڕوویداوە؟

**سیناتۆر کلارک** : تۆماس ئێستا لەباوەشی دایکیەتی، هاتووم تا سوپاسگوزاری ئەوانتان بە دیاری بۆ بهێنم.

**لیزی:** دایکی خۆشحاڵە؟

**سیناتۆر کلارک:** زۆر شادمانە.

**لیزی:** گریا؟

**سیناتۆر کلارک** : گریان؟ هەرگیز! خوشکی من ژنێکی بەهێز و پۆڵایینە.

**لیزی:** تۆ بە منت گوت، کە فرمێسکی خۆشحاڵی لەچاوەکانیدا دێتە خوارەوە.

**سیناتۆر کلارک** : ئێ وایە مرۆڤ ئەم جۆرە قسانە دەکات.

**لیزی:** هەرگیز، چاوەڕوانی دەرەنجامێکی وەها نەبوو، ها؟ بێگومان وا گومانی دەکرد، کە من ژنێکی خراپم و لە بەرژەوەندی ڕەشپێستەکەدا گەواهی دەدەم.

**سیناتۆر کلارک:** ئەو چارەنووسی خۆی دابووە دەست خودا.
**لیزی:** چی لە من بینی؟
**سیناتۆر کلارک:** هیچ ، سوپاسی دەکردی.
**لیزی:** پرسیاری لەبارەی ڕەنگ و ڕوخسارم نەکرد؟
**سیناتۆر کلارک:** نەخێر.
**لیزی:** هیچ نەیگوت، کە من ژنێکی میهرەبان و چاکم؟
**سیناتۆر کلارک:** ئەو وا بیری دەکردەوە، کە ئێوە ئەرکی خۆتان ئەنجام داوە.
**لیزی:** ئەها، بەڵێ.
**سیناتۆر کلارک** : هەڵبەتە ئەو ئومێدی هەیە، کە ئێوە هەمیشە ئەرکی خۆتان ئەنجام بدەن.
**لیزی:** بەڵێ، بەڵێ.
**سیناتۆر کلارک** : لیزی سەیرکە( بە پەشۆکاوییەوە دەست لەسەر شانەکانی دادەنێت) بێگومان دەبێت ئەو کارە تەواو بکەی، کە دەستت پێکردووە، نابێت ئەو پیرێژنە لێت بێ ئومێد بێت ، ئەی وا نییە؟
**لیزی:** دڵنیابە، دوودڵ مەبە، من نکۆڵی لەو کارە ناکەم کە کردوومە، ئەگەر نکۆڵی لێبکەم ئەوا دەمخەنە زیندانەوە(کەمێک بێدەنگی) ئەرێ ئەم ژاوەژاوە چییە؟
**سیناتۆ کلارک:** شتێک نییە.

**لیــزی:** ئیتــر نــاتوانم بەرگەی ئەم ژاوەژاوە بگــرم.(پەنجەرەکە دادەخات) بەڕێز سیناتۆر؟
**سیناتۆر کلارک:** بەڵێ ڕۆڵەکەم.
**لیزی:** تۆ دڵنیایت لەوەی، کە ئێمە هەڵەمان نەکردووە و من ئەو کارەم کردووە ، کە وا پێویست بوو بیکەم؟
**سیناتۆر کلارک:** بەتەواوەتی دڵنیام.
**لیزی:** من خۆم سەر لەو شتانە دەرناکەم، قسەکانی تۆش منی گێــژ کــرد؟ مۆڵەتــت نەدام بیــری لێــبکەمەوە، هەر بەڕاســت کاتژمێر چەندە؟
**سیناتۆر کلارک:** یازدەی شەو.
**لیزی:** ئاخ، هێشتا هەشت کاتژمێری ماوە بۆ بەیانی، مـن خـەوم زڕاوە و وا گومان دەکەم، کە ئەمشـەو نەتوانم چاوم لێکبنێم، شـــەوانیش کەش و هەوا وەکـــو ڕۆژ گەرمە و هـــیچ فێنـــک نابێت.(کەمێـــک بێـــدەنگی) هەر بەڕاســـت ســـەبارەت بە ڕەشپێستەکە چی؟ چی بەسەرهاتووە؟
**سیناتۆر کلارک:** کـامە ڕەشپێسـت؟ ئەهـا ڕەشپێسـتەکە! بەدوایـدا دەگەڕێن.
**لیــزی:** ئەگەر بیگـــرن چـــی لێـــدەکەن؟ (ســـیناتۆر شـــانی هەڵـــدەتەکێنێت، ژاوەژاوەکە زیــاتر دەبێــت، لیــزی بەرەو لای پەنـــجەرەکە دەڕوات) ئەم هـــات و هـــاوارە چیـــیە؟ دەیبینـــی؟ کـــۆمەڵە کەســـێک بە چـــرای کارەبـــایی و ســـەگێکی زۆر بە

کۆڵانەکەدا تێپەڕ دەبن، ئایا ئەمە کەرنەڤاڵی گڵۆپەکانە؟ پێم بڵێ چی بووە بەڕێز سیناتۆر، بڵێ بزانم چی بووە؟
سیناتۆر کلارک : (زەرفێک لە گیرفانی دەردێنێت) خوشکەکەم فرمانی پێکردووم، کە ئەم زەرفە بە تۆ بدەم.
**لیزی**: (بە چوست و چالاکییەوە) ئایا بۆ منی نووسیوە؟ ( سەری زەرفەکە هەڵدەپچڕێنێت، سەد دۆلاریەک دێنێتە دەرەوە و زەرفەکە دەپشکنێ تا بزانێت نامەی تێدایە یا نا، بەڵام بێ ئومێد دەبێت، پاشان زەرفەکە لەناو دەستی گرمۆڵە دەکات و فرێیدەداتە سەر زەوی، دەنگی دەگۆڕێت)سەد دۆلار! دەبێت من پێی ڕازیبم! کوڕەکەتان پەیمانی پێنج سەد دۆلاری بە من دا، بەڵام دیارە تۆ سەد دۆلارم دەدیتێ و زۆرت لێ داشکاندوم، زۆر شارەزای لە لێگێڕانەوە.
**سیناتۆر کلارک** : ئای ڕۆڵەکەم.
**لیزی**: (پارەکە دەگەڕێنێتەوە) تکادەکەم لەلایەن منەوە سوپاسی خوشکەکەت بکە و پێی بڵێ من زیاتر حەزمدەکرد دیارییەک، تەنانەت جووتە گۆرەوییەکی هەرزان، یا شتێکی دیکە، کە خۆی هەڵیبژاردبێت بۆم بنێرێت، دەزانیت کە ئەم شتانە ڕێز و خۆشەویستی دیاری نێرەرەکە، لەلای خەڵک زیاتر دەکات؟ بەڵام ئایا کردەوەکان بەپێی مەبەست و مەرام نین؟(کەمێک بێدەنگی) هەرچۆنێک بێت چاک کڵاوتان لەسەرنام.

**سیناتۆر کلارک:** (سـەیری یەک دەکەن و سـیناتۆر لێـی نزیـک دەکەوێتەوە.) سوپاست دەکەم ڕۆڵەکەم، تۆ لەو کاتەدا تووشی گرفتێکی دەروونی ڕەوشتی بوویت و پێویستیت بە پشتیوانی من هەیە.
**لیزی:** من لەم کاتەدا زیاتر تووشی قەیرانێکی مادی بوومە و پێویستم بە پارە هەیە، بەڵام وا گومان دەکەم، کە لە کۆتاییدا من و تۆ لەسەر ئەمە ڕێک بکەوین.(کەمێک بێدەنگی) من تاکو ئێستا کەسە بەتەمەنەکانم  بە کەسانی چاک و باش داناوە، لەبەرئەوەی ئەوان ڕواڵەتێکـــی جـــوان و بەڕێزیـــان هەیە لەبەرچاوم، بەڵام ئیتر خەریکە دوودڵ دەبم، ئەو پرسیارە لام دروست دەبێت، کە ئایا بەدخویی و چروکی ئەوان لە کەسانی دیکە زیاتر نییە؟
**سیناتۆر کلارک:** (بە ڕوویێکی خۆشەوە) بەدخویی و چروکی! ئاخ چەند حەزمدەکرد هاوکارەکانم گوێیان لەم قسەیە بوایە، هەر بەڕاستی تۆ کەسێکی راشکاو و نەرم و نیانیت! هێشتا شتێک لە سروشتی تۆ ماوەتەوە، کە  گیروگرفتەکانی ژیانی ناڕێک و نائاساییت دەستی پێنەگەیشتووە و نەیتوانیوە گەندەڵی بکات.( دەست بە ڕوومەتەکانی لیزی دا دێنێت) بەڵێ، بەڵێ شتێک کە وەسف ناکرێت.(لیزی بەبێ بەرهەڵستیکردن، بەشێوەیەکی شەرمەزارکەر و بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی خۆشی یا ڕقی تێدا دەرکەوێت لێدەگەڕێت سیناتۆر  دەستی لێبدات و

نەوازشـی بکـات ) مـن هـەمدیسـان دێـمەوە لات، خـۆت مـاندوو مەکە خۆم دەرگاکە دادەخەم.(سیناتۆر دەچێتە دەرەوە، لیزی لە جێ خۆیدا کڕ و کپ دەوەستێت، بەڵام کەمێک دواتر پارەکە هەڵـدەگرێتەوە، گرمـۆڵەی دەکـات و فڕێـدەداتەوە سـەر زەوی، پاشـــان لەســـەر کورســـییەک دادەنیشـــێت و تـــووڕەییەکەی دەتەقێـتەوە، دەگرییـێـت، لە دەرەوە دەنگـی هــات و هــاوارەکە نزیـک دەکەوێـتەوە، دەنگـی گـوللە لە دوورەوە دەبیسـترێت، پیـاوە ڕەشپێسـتەکە لە حەشـارگەکەی خـۆی دێـتە دەرەوە و لەبەردەم لیزی دا دەوەستێت، لیزی سـەری بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکات).

# دیمەنی دووەم

## لیزی و ڕەشپێستەکە

**لیزی:** تۆ! (هەڵدەستێتەوە) من بێگومان بووم لەوەی، کە تۆهەمدیسان دێیتەوە، دڵم خەبەری دەدا، کە دێیت، تۆ لە کوێوە هاتی؟

**ڕەشپێستەکە:** لە پەنجەرەوە.

**لیزی:** چیت دەوێت؟

**ڕەشپێستەکە:** بمشارەوە.

**لیزی:** من پێمگوتی، کە ناتوانم.

**ڕەشپێستەکە:** خاتوون هات و هاواریان دەبیستیت؟

**لیزی:** بەڵێ، مەگەر چی بووە؟

**ڕەشپێستەکە:** ڕاو دەستی پێکردووە.

**لیزی:** ڕاوی چی؟

**ڕەشپێستەکە:** ڕاوی ڕەشپێستەکان.

**لیزی:** سەیرە!(بێدەنگییەکی زۆر) تۆ دڵنیای لەوەی، کە هیچ کەس نازانێت تۆ هاتویتەتە ئێرە؟

**ڕەشپێستەکە:** دڵنیام.

**لیزی:** ئەگەر دەستگیرت بکەن چیت بەسەر دێنن؟

**ڕەشپێستەکە:** بەنزین.

لیزی: بەنزین چییە؟

**ڕەشپێستەکە**: (بە ئاماژەی دەستی بۆی شیدەکاتەوە ) بەنزینم پێدەدەکەن و ئاگرم تێبەردەدەن.
**لیزی**: تێگەیشتم!(بەرەو لای پەنجەرەکە دەچێت و پەردەکە دادەداتەوە) دانیشە(ڕەشپێستەکە لەسەر کورسییەک دادەنیشێت) ئایا پێویست بوو بێیتە لام، من هەرگیز کێشە و گرفتارییەکانم کۆتایی پێنایەت؟(هەروەکو ئەوەی هەڕەشەی لێبکات لە ڕەشپێستەکە نزیک دەکەوێتەوە) من حەز بە شەڕوشۆڕ و گیروگرفت ناکەم و لێیان دەترسم. تێگەیشتی؟(قاچی لە ئەرزەکە دەدات) دەترسم! دەترسم! دەترسم!
**ڕەشپێستەکە**: خاتوون ئەوان وا گومان دەکەن کە من هەڵەیەکم بەرامبەر تۆ کردووە.
**لیزی**: ئێ؟
**ڕەشپێستەکە**: بۆیە بۆ دۆزینەوەی من نایەنە ئێرە.
**لیزی**: دەزانی لەبەرچی وەکو ڕاوکەر بۆسەت بۆ دادەنێنەوە؟
**ڕەشپێستەکە**: لەبەرئەوەی لەو باوەڕەدان، کە من ئازارم داویت.
**لیزی**:ئەوەش دەزانی، کە کێ ئەم مەسەلەیەی بەوان گوتووە؟
**ڕەشپێستەکە**: نەخێر، هەرگیز.
**لیزی**: من پێمگوتوون.(بێدەنگییەکی دوورودرێژ، ڕەشپێستەکە بە چاوێکی سووکەوە سەیری دەکات).

**ڕەشپێستەکە:** لەبەرچی کارێکی وەهات کردووە خاتوون؟ لەبەرچی کارێکی وات کردووە؟

**لیزی:**( بەسەرسوڕماوییەوە ) خۆیشم نازانم لەبەرچی.

**ڕەشپێستەکە:** ئەوان بەرامبەر بە من هیچ بەزەییەک نانوێنن، قامچی لە ڕووخسار و چاوەکانم دەوەشێنن، بەرمیلی بەنزینەکانیان بەسەر سەرمدا دەڕژێنن، ئاخر لەبەرچی کارێکی وەهات کرد؟ من کە ئازارێکم پێنەگەیاندبووی.

**لیزی:** ئەها، بەڵام ئازارت پێگەیاندبووم، خۆت ناتوانی پەی بەوە ببەی، کە چەندە بوویت بە مایەی ئازار بۆ من.(کەمێک بێدەنگی) ناتەوێت بمخنکێنی؟

**ڕەشپێستەکە:** ئەم جۆرە کەسانە زۆربەی کات مرۆڤ ناچار دەکەن بە پێچەوانەی ئەوەی، کە بیری لێدەکاتەوە و باوەڕی پێیەتی قسە بکات.

**لیزی:** بەڵێ، وایە، زۆر جاریش کە ناتوانن بەهێز مرۆڤ ناچار بکەن، پەنا بۆ زمان لووسی و قسەی بریقەدار دەبەن.(کەمێک بێدەنگی) وانییە؟ باشە ناتەوێت بمخنکێنی؟تۆ مرۆڤێکی چاکی تا سبەی شەو لێرە دەتشارمەوە.(وەکو ئاماژەیەک بۆ سوپاسگوزاری سینگی بەرەو پێشەوە دەهێنێت)، نزیک مەکەوە، دەستم لێمەدە، من حەز بە چارەی ڕەشپێستەکان ناکەم و خۆشم ناوێن.(لە دەرەوە دەنگی گوللە و هەراو هۆریا دەگاتە گوێ) ئەوان نزیکن. (دەچێتە لای پەنجەرەکە و لە

درزی پەردەکـانەوە سـەیری نـاو کـۆڵانەکە دەکـات) تەواو! تووش بووین.
**ڕەشپێستەکە:**خەریکی چین؟
**لیزی:** لەسەر کوچەی کۆڵانەکە پاسەوانیان داناوە و خەریکن ماڵەکان دەپشکنن،بۆ هاتی بۆ ئێرە؟ بێگومان کاتێک ویستوتە خۆت بگەیەنیتە ئێرە یەکێک تۆی بینیووە.(هەمدیسان سەیری دەرەوە دەکات)، دەی نۆبەی ئێمەیە خەریکن بەرەو سەرەوە دێن.
**ڕەشپێستەکە:** چەند کەسن؟
**لیـزی:** پێـنج شـەش کەسـن... ئەوانیتـر لەخـوارەوە چـاوەڕوان دەکەن.( دەگەڕێتەوە و ڕوو لەو دەکات) مەترسـە! مەترسـە! ( پێدەنگ دەبێت پاشـان ڕوو لە بـازنەکەی خۆی دەکـات) ئەی ماری نەفرەتی، هەمدیسان دەستە گوڵێکی تازەت هێنا(بـازنەکە بەزەویدا دەکێشێت و پێی لێدەنێت) بە نەفرەت بیت چەپەڵ! (بە ڕەشپێستەکە دەڵێت) هەروەکو ئەوەی کە بـا تـایبەت بۆ ئێرە هاتبیـت تـا خـۆ بە گـرتن بدەیت(ڕەشپێسـتەکە هەڵدەسـتێت و دەیەوێت بچێتە دەرەوە) بۆ کوێ؟ شێت بووی؟ ئەگەر بچیتە دەرەوە دەتکوژن.
**ڕەشپێستەکە:** دەمەوێت بچمە سەربان.
**لیزی:** بەو مانگەشەوە؟ بڕۆ ئەگەر دەتەوێت بەر گوللەت بدەن، پەلە مەکە، هێشتا دوو نهۆمی دیکەیان ماوە تا بگەنە ئێرە، پێت

دەڵـێم مەترسـە! (بێـدەنگییەکی دوورودرێـژ، لیـزی دێـت و دەچێت، لیزی لەسەر کورسییەکەدا دانیشتووە) تۆ چەکت پێ نییە؟
**ڕەشپێستەکە:** ئۆە! نەخێر.
**لیزی:** دەی (لە چەکمەجەی مێزەکە دەگەڕێت و دەمانچەیەک دەردەهێنێت).
**ڕەشپێستەکە:** خاتوون دەتەوێت بەم دەمانچەیە چی بکەیت؟
**لیـزی:** دەرگـاکە دەکەمەوە و پێیـان دەڵـێم وەرنە ژوورەوە، بیسـت و پێـنج سـاڵە ئەوانە بەنـاوی دایـکە پیـرە سـەر سپییەکانیان و بە ناوی پاڵەوانانی جەنگ و گەلی ئەمریکاوە منیان فریوداوە، بەڵام ئێستا لە فرتوفێڵەکانیان تێگەیشتووم و ڕێگە نادەم لەوە بەدواوە بمخەڵەتێنن، دەرگاکە دەکەمەوە و پێیـان دەڵـێم:( ڕەشپێسـتەکە لێـرەیە، لێـرەیە! بەڵام ئەو هـیچ شتێکی نەکردووە، ناچاریان کردووم، کە بەدرۆ شایەتی بدەم، بەڵام سـوێند بەخـوای گەورە دەخـۆم، کە ئەو هـیچ شـتێکی نەکردووە و هیچ گوناهێکی نییە).
**ڕەشپێستەکە:** پێت باوەر ناکەن.
**لیـزی:** لەوانەیـە، لـێگەڕێ بـا بـاوەڕ نەکەن، ئەوکـاتە بەم دەمـانچەیە ڕووبەڕوویـان ببەوە و ئەگەر نەوەستان تەقەیان لێبکە.
**ڕەشپێستەکە:** بەڵام کۆتاییان پێنایەت، هی تر دێن.

دەستت لێیان مەپارێزە تەقە لەوانیش بکە، بەتایبەت ئەگەر سیناتۆر کلارکت[4] لەنێویاندا بینی هەوڵبدە گوللەکەت بە خەسار نەڕوات، تەواوی ئەم فەرتەنەیە لەژێر سەری ئەودایە، وانییە؟ چاک تووشی کێشەیان کردووین، هەرچۆنێک بێت ئەمە دوایین دەرفەتمانە بەرامبەریان و دڵنیام لەوەی، کە بەتۆی دەڵێم، ئەگەر تۆ لەلای من بدۆزنەوە قژم بەسەرەوە ناهێڵن، کەواتە ئێستا کارەکە بەم جێیە گەیشتووە، وا باشترە بنیادەم کۆمەڵێکیان لێ بتوپێنێت، ئەوجا با خۆی بمرێت. (دەمانچەکەی بۆ ڕادەگرێت)بیگرە! بیگرە!

ڕەشپێستەکە: ناتوانم خاتوون.

**لیزی**: لەبەرچی؟

**ڕەشپێستەکە**: من ئەو مافەم نییە، ناتوانم تەقە لە سپی پێستەکان بکەم.

**لیزی**: هەقی خۆتە! بەڵام دڵنیابە ئەوان ئەو مافە بەخۆیان دەدەن و بەزەییان پێتنایەتەوە و تەقەت لێدەکەن.

**ڕەشپێستەکە**: ئاخر، خاتوون ئەوان سپی پێستن.

**لیزی** : ئەمە واتای چی؟ لەبەرئەوەی ئەوان سپی پێستن بۆیە ئەو مافەیان هەیە کە وەکو بەرازێک بتکوژن؟

**ڕەشپێستەکە**: بەڵێ، لەبەرئەوەی ئەوان سپی پێستن.

[4]. لە دەقە فارسییەکە نووسراوە ئەگەر کوڕی سیناتۆرت لە نێویاندا بینی. و. کوردی.

**لیزی:** داماو! دەزانی تۆ هەمان بارودۆخی منت هەیە، وەکو من گەمژە و بەبەزەیی!

**ڕەشپێستەکە:** لەبەرچی خۆت تەقە ناکەی خاتوون؟

**لیزی:** پێمگوتی، چونکە منیش وەکو تۆ گەمژە و بەبەزەییم.( دەنگی تەپەی پێکانیان دەبیستن کاتێک لە پلیکانەکان سەر دەکەون) هاتن، (خەندەیەکی کورت خایەن) دڵخۆش و شادمانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کارەکە بە سانایی وەردەگرین، بڕۆ ناو گەرماوەکە و خۆت بشارەوە، هەناسەت ڕاگرە(ڕەشپێستەکە ون دەبێت ، لیزی چاوەڕوانە، زەنگەکە لێدەدات، لیزی بەدەست خاچەکەی لەخۆی دەخشێنێت و خۆی کۆدەکاتەوە و بازنەکە لەدەست دەکات، دەرگاکە دەکاتەوە و چەند کەسێکی چەک بەدەست دەردەکەون).



# دیمەنی سێیەم

## لیزی و سێ پیاو

**پیاوی یەکەم:** ئێمە بەدوای ڕەشپێستەکە دەگەڕێین.
**لیزی:** کامە ڕەشپێست؟
**پیاوی یەکەم:** هەمان ئەو ڕەشپێستەی کە لەناو شەمەندەفەر دەستدرێژی کردە سەر ئابرووی ژنێکی سپی پێست و بە چەقۆ خوشکەزای بەڕێز سیناتۆر کلارکی بریندار کرد.
**لیزی:** خوا عەقڵتان پێبدا! هاتوونەتە ناو ماڵەکەی من بەدوای مرۆڤێکی وەهادا دەگەڕێن! مەگەر من ناناسن؟
**پیاوی دووەم:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، من دەتناسم، پێری کاتێک لە شەمەندەفەر دابەزیت من تۆم بینی.
**لیزی:** باشە ئیتر، من هەمان ئەو ژنەم کە ڕەشپێستەکە دەستدرێژی کردۆتە سەر ئابرووم.(پێدەکەنێت) لێم تێدەگەی؟ (پیاوەکان ورتە ورت دەکەن، هەموویان بەڕوانینێک کە ئاوێتەیە بە شەهوەت و ئارەزوو و گەمژەیی و ڕق سەیری لیزی دەکەن و وردە وردە دەکشێنە دواوە) ئەگەر کەسێک بۆ ئێرە ئەوا من بەم دەمانچەیە تۆڵەی لێدەکەمەوە و هەقەکەی پێدەدەمەوە.(هەموویان پێدەکەنن)
**یەکێک لە پیاوەکان:** ئارەزوو دەکەیت ئەو بە لەداردراوی ببینی؟

**لیزی:** بەڵێ، کاتێک دۆزیتانەوە هەواڵم پێبدەن.
**یەکێکی دیکە لە پیاوەکان:** ئیتر هێندەی نەماوە کە بیدۆزینەوە، خاتوونی بچکۆڵە دەزانین کە لەناو ئەم کۆڵانە خۆی شاردۆتەوە.
**لیزی:** هیوای بەختێکی باشتان بۆ دەخوازم، سەرکەوتوو بن.
(پیاوەکان دەچنە دەرەوە و لیزی دەرگاکە دادەخات و دەمانچەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت).

# دیمەنی چوارەم

## لیزی- ڕەشپێستەکە

**لیـــزی**: ڕۆیشـــتن، وەرە دەرەوە(ڕەشپێســـتەکە دێــتە دەرەوە، لەبەردەمی لیزی دەکەوێتە سـەر ئەژنۆ و لچکی کراسـەکەی ماچ دەکات) پێمگوتی دەستم لێمەدە(بە سۆز و میهرەبانییەوە سـەیری دەکـات)، دەبێـت تـۆ کەسـێکی عاجبـاتی بیـت وا ئـەو شارە هەمووی بەدواتدا دەگەڕێت.

**ڕەشپێستەکە**: خـاتوون مـن هـیچم نەکـردووە، خـۆت بـاش ئەوە **دەزانیت.**

**لیزی**: دەوترێت مادام تۆ ڕەشپێستێک بیت، ئەوا هەمیشە گوناە و تاوانێکت هەیە.

**ڕەشپێستەکە**: من هەرگیز تاوانێکم نەکردووە، هەرگیز، هەرگیز.

**لیزی**: (دەستی بە نێوچەوانی خۆیدا دەهێنێت) هەر چەندە بیر دەکەمەوە ســەر لەم کــارە دەرناکەم(بێــدەنگی) لەگەڵ ئەوەدا ناشێ تێکڕای خەڵکی شارێک لە هەڵەدا بن.(کەمێک بێدەنگی) هیچ تێناگەم.

**ڕەشپێستەکە**: هەمیشـە بەم جۆرەیە خـاتوون.(هەموو کـات سـپی پێستەکان وا بیر دەکەنەوە کە ئەوا لەسەر هەقن).

**لیزی:** ئایا تۆ خۆیشت وا هەست دەکەیت کە سوچ و تاوانێکت هەیە؟
**ڕەشپێستەکە:** بەڵێ خاتوون.
**لیزی:** لەگەڵ ئەوەی کە هیچ شتێکیشت نەکردووە.
**ڕەشپێستەکە:** نەخێر، هیچ شتێکم نەکردووە خاتوون.
**لیزی:** ئاخر بۆچی سپی پێستەکان هەمیشە وا بیردەکەنەوە، کە خۆیان لەسەر حەقن و دەبێت حەق بەوان بێت؟
**ڕەشپێستەکە:** لەبەرئەوەی سپی پێستن.
**لیزی:** منیش سپی پێستم، بەڵام...( لە دەرەوە دەنگی پێ دێت) خەریکن دەچنە خوارەوە( لیزی بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی و غەریزی لە ڕەشپێستەکە نزیک دەکەوێتەوە، ڕەشپێستەکە، کە هێشتا دەلەرزێت دەستی لەسەر شان و ملی لیزی دادەنێت، دەنگی پێیەکان وردە وردە کەمتر دەبنەوە، بێدەنگی باڵی کێشاوە، لیزی لەناکاو دوور دەکەوێتەوە ) پێمبڵێ؟ ئایا تەنیا نین؟ هەروەکو ئەوەی هەردووکمان لە بیابانێکی وشک و برینگ وێڵ و تەنیا مابینەتەوە، هەروەکو ئەوەی هەتیو بین(زەنگەکە لێدەدات، لیزی و ڕەشپێستەکە بە ماتی و پەشۆکاوییەوە وەستاون و گوێ دەگرن، دووبارە زەنگ لێدەدەنەوە) بڕۆ ناو گەرماوەکە خۆت بشارەوە( بە شەق و مشتەکۆڵە لە دەرگاکە دەدەن، ڕەشپێستەکە خۆی دەشارێتەوە، لیزی دەرگاکە دەکاتەوە).

# دیمەنی پێنجەم

## فرێد و لیزی

**لیزی:** چیبووە، شێت بوویت؟ لەبەرچی بەم شێوەیە بە شەق لەدەرگای ژوورەکەم دەدەیت؟ نایەیتەژوورەوە، هەرچی شەکەتییەک بەسەرمدا هات هۆکارەکەی تۆ بووی، ئیدی بەسە چەپەڵ، دەی لێرە بڕۆ! بڕۆ!(فرێد پاڵ بە لیزییەوە دەنێت و دەیکشێنێتە دواوە، دەرگاکە دادەخات و شانی لیزی دەگرێت، بێدەنگییەکی دورودرێژ) چیتر؟

**فرێد:** تۆ ئەهریمەنی!

**لیزی:** دەتویست بە شەق و مشتەکۆڵە دەرگای ژوورەکەم بشکێنی تا ئەمەم پێبڵێیت؟ بەراستی ناشیرینە! لە کوێوە هاتوویت؟(بێدەنگی) وەڵام بدەرەوە.

**فرێد:** لەکۆتاییدا ڕەشپێستێکیان دەستگیر کرد، بەڵام ئەو ڕەشپێستە داواکراوە نەبوو، سەرەڕای ئەمە هەر کوشتیان.

**لیزی:** ئەی دواتر؟

**فرێد:** من لەگەڵیان بووم. لیزی: (فیکە لێدەدات)

**لیزی:** تێگەیشتم(بێدەنگی) دەڵێن سەیرکردنی وێنەی کوشتنی ڕەشپێستەکە تۆی وروژاندووە و چێژی پێبەخشیویت.

**فرێد:** من تکات لێدەکەم.

**لیزی:** لەبەرچی لێم دەپاڕێیتەوە؟

**فرێد:** تۆ ئەهریمەنی! تۆ جاودووت لێ کردووم، من لەناو ئاپۆڕاکە بووم، دەمانچەکەم لەدەستم بوو و ڕەشپێستەکەش بە لقی درەختێکەوە هەڵواسرابوو، من سەیری ڕەشپێستەکەم کرد، لەناکاو ئەوە بە بیرمدا هات، کە پێویستم بە تۆیە، ئەمە شتێکی سروشتی نییە.

**لیزی:** بەرمدە، پێمگوتی بەرمدە.

**فرێد:** بلێ بزانم چ لە پشت ئەمەوەیە؟ چ ئەفسون و جادوێکت بۆ من بەکارهێناوە، هەی جادوگەر؟ من خەریکبووم سەیری ڕەشپێستەکەم دەکرد لەناکاو تۆم کەوتە بەر چاو، لەبری ڕەشپێستەکە جەستەی تۆم بینی، کە بە لقی درەختەکەوە هەڵواسرا بوو و لەسەر پشکۆکانی ئاگرەکەدا هەڵدەقرچای، لەو کاتەدا دەمانچەکەم ڕاکێشا و چەند گوللەیەکم بەجەستەیەوە نا.

**لیزی:** هەی چەپەڵ! بەرمدە، وازم لێبێنە، بەدڕەوشت، تۆ بکوژی!

**فرێد:**چ جادوێکت بەکار هێنا؟ تۆ بوویتەتە قیر و بنێشت پێمەوە لکاوی، لێم دانابڕێی، لە هەموو شتێکدا دەتبینم، سکت

دەبینم، سکی قەحپەیەکی چەپەڵ دەبینم، لەناو دەستەکانم هەست بە گەرمی جەستەت دەکەم، بۆنی تۆ لە لووتم ناچێتە دەرەوە، لەوێوە تا ئێرە ڕامکردووە، خۆشم نەمزانیووە کە بۆ کوشتنی تۆ دێمە ئێرە یا دێم تا بەزۆر لەگەڵ جووت بم، بەڵام ئێستا تێگەیشتم(لەناکاو بەریدەدات) هەڵبەتە لەبەر خاتری قەحپەیەک خۆم ناخەمە زیندانەوە(دەگەڕێتەوە لای) ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بەیانی بە منت گوت ڕاستە؟

**لیزی:** چیم بە تۆ گوت؟

**فرێد:** گوتت کە چێژ لە من دەبینی.

**لیزی:** وازم لیبێنە، یەخەم بەردە!

**فرێد:** سوێند بخۆ بڵێ بەڕاستمە ، سوێند بخۆ!

(مەچەکی دەستی دەگرێت و بایدەدات، لە گەرماوەکەدا دەنگی تەپەتەپەکە زیاتر دەبێت) ئەمە چییە؟(گوێ ڕادەگرێت) کەسێک لێرەیە؟

**لیزی:** شێت بوویت؟ هیچ کەس لێرە نییە.

**فرێد:** نا، کەسێک لەناو گەرماوەکەیە(بەرەو دەرگای گەرماوەکە دەڕوات).

**لیزی:** (پێشی لێدەگرێت) ڕێگە نادەم تۆ بڕۆیت.

**فرێد:** کەواتە دەرکەوت کە کەسێک لەوێیە.

**لیـزی:** ئەمە کڕیـاری ئەمـڕۆی مـنە، یەکـێکە لەو کڕیـارانەی کە بەدەست کراوەیی و سەخاوەتەوە پارەم پێدەدەن، تێگەیشتی؟ ئێستا ئاسوودە بوویت؟

**فرێـد:** لەپـاش ئەمە ئیتـر هـیچ کڕیـارێکی دیـکەت نابێـت، ئیتـر هەرگیـز ناتبێـت. لەمە بەدواوە تـۆ هـی منی(کەمێـک بێـدەنگی) دەمەوێت ڕوخساری ببینم. هاوار دەکات، لێرە وەرە دەرەوە.

**لیـزی:** (هـاوار دەکـات) مەیە دەرەوە، هەڵمەخەڵەتـێ گەر بێیـتە دەرەوە ڕاوت دەکا.

**فرێد:** بڕۆ ئەولاوە، کچی قەحپە.(بەزۆری لیزی دەخاتە ئەولاوە و دەرگـای گەرمـاوەکە دەکـاتەوە، ڕەشپێسـتەکە دێتە دەرەوە) کڕیارەکەت ئەمەیە؟

**لیـزی:** مـن لێـرەدا شـاردمەوە ، چـونکە دەیانویسـت ئـازاری بدەن،(فرێد دەست بۆ دەمانچەکەی دەبا) تەقەی لێمەکە، خۆت چـاک دەزانیـت، کە ئەو بـێ گوناهە.(فرێـد تەقە دەکـات، بەڵام ڕەشپێسـتەکە وەک سوسـکە ڕادەپەڕێـت و پـاڵ بە فرێـدەوە دەنێت و دەردەپەڕێتە دەرەوە، فرێد بەدوایدا ڕادەکات و هاوار دەکات و لیزی تا دەرگای دەرەوە دەچێت و دوو کەسەکە ون دەبن و لیزی هاوار دەکات).

ئەو هـیچ تـاوانێکی نیـیە، ڕەشپێسـتەکە بـێ گونـاهە(دەنگی دوو تەقە دەبیسترێت، لیزی بە پەشۆکاوییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکە، بەرەو لای مێـــزەکە دەڕوات و چەکەکەی خـــۆی

دەردێنێت، لەوکاتەدا فرێد دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکە، لیزی بەرەو لای فرێد دەگەڕێتەوە بەجۆرێک کە پشتی بەرەو ڕووی بینەرانە و چەکەکەی لەدواوەی خۆی شاردۆتەوە، فرێد چەکەکەی خۆی لەسەر مێزەکە دادەنێت )، ئایا تەقەت پێوەنا، ها؟ (فرێد وەڵامی ناداتەوە) باشە کەوایە ئێستا نۆرەی تۆیە.(دەمانچەکەی بەرامبەر فرێد ڕادەگرێت).

**فرێد**: (بە ترساوییەکی زۆرەوە) لیزی تەقە مەکە، بەزەییت بە دایکمدا بێتەوە.

**لیزی**: بێدەنگ بە! جارێک منت بەم تەڵەکەبازیانە فریودا، ئیتر بە ئەفسانەی دایکت باوەڕ ناکەم.

**فرێد**: (بە هێواشی بەرەو لای دەچێت)لیزی گوێبگرە: کلارکی یەکەم بونیاتنەری خانەوادەی ئێمە بە تاک و تەنیا دارستانێکی تەواوی داچاند بەر لەوەی کە خۆی لە بۆسەیەکدا بکوژرێت ، شازدە هیندی بەدەستی خۆی کوشت و کوڕەکەی سەراپای ئەم شارەی ئێمەی بونیاتنا، هاوڕێی واشنتۆن بوو و لە(یۆرک تاون) لەکاتی بەرگریکردنی لە سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، باپیرەی باپرەم بەڕێوەبەری پۆلیسی سان فرانسیسکۆ بوو بیست و دوو کەسی ڕزگار کرد لەو ئاگرەی گەورەی کە لەوێدا هەڵگیرسا بوو، باپیرەی من بۆ ئێرە گەڕایەوە و کەناڵی میسیسیپی هەڵکەند و بووە دەسەڵاتداری ویلایەت، باوکی منیش سیناتۆرە، منیش لە دوای ئەودا دەبمە

سـیناتۆر، مـن تـاکە میراتگـری نێـرینەی ئەو و کۆتـا کلارکـی خـانەوادەکەم، ئـێمە ئەم وڵاتەمـان دروسـتکردووە و مێـژووی ئەم وڵاتەیـش مێـژووی خێزانـی ئـێمەیە، لقـی دیـکەی خێزانـی کـلارک لە ئەلاسـکا و فلیپـین و مەکسـیکی نـوێش هەن، ئایـا هێشـتا ئەو بـوێریەت هەیە کە تەقە بەرامـبەر تەواوی ئەمریکـا بکەیت!
**لیزی:** ئەگەر هەنگاوێکی دیکە بێیتە پێشەوە تەقەت لێدەکەم!
**فرێد:** تەقە بکە، لەبەرچـی تەقەم لێناکەی! بینیت؟ کچێکی وەک تۆ ناتوانێت تەقە لەپیاوێکی وەک مـن بکـات، تـۆ کـێیت؟ ڕۆڵـت چییە لە ژیـان؟ دەزانیت بـاپیرەت کـێ بـووە، دەیناسـیت؟ بەڵام مـن ، مـن ئەو مـافەم هەیە، کە بژیم، هێشـتا زۆربەی کـارەکـان دەبێت بەدەستی من ئەنجام بدرێن، خەڵک چاوەڕێ دەکـات تـا ئەو کارانە بکەم، چەکەکەتـم بدەرێ(لیزی دەسـتی درێـژ دەکـا، فرێد چەکەکەی لێ وەردەگرێت و لە گیرفـانی دادەنێت) ئەگەر دەشـتەوێت زانیـاری سـەبارەت بە ڕەشپێسـتەکە بزانیـت، ئەوا پێتــدەڵێم، کە ڕەشپێســـتەکە ڕایکــرد و دەمـــانچەکەی مـــن نەیپێکا.(کەمێک بێدەنگی، فرێد دەستەکانی لەملاو لەولای شانی لیزیـدا پـێکەوە دەلکێنێت) دواتـر لەم خـانووەی سـەر گـردەکە نیشتەجێ دەبی، کە لەوبەری ڕووبارەکەیە، تەلارێکی جوانە و بـاغچەی هەیە، لەنـاو بـاغچەکەدا پیاسـە دەکەیـت، بەڵام مـن ڕێــگەت پێنــادەم لە بــاغچەکە بچیــتە دەرەوە، چــونکە زۆر

چاوچنۆکم و غیرەت لیدەکەم ، لە هەفتەیەکدا لەو دەمانەی، کە دونیا تاریک دەبێت سێ جار دێمە لات، ڕۆژانی سێشەممە و پێنجشەممە و پشووی کۆتایی هەفتە، خزمەتکارەکانت کەسانی ڕەشپێست دەبن و پارەیەکی زۆرتریشت دەبێت لەوەی، کە چاوەڕوانی دەکەیت، بەڵام دەبێت چاوپۆشی لە شەهوەتبازی من بکەیت و شەهوەت و ئارەزووی منیش هێندە کەم نییە!.(ماوەیەکی زۆر لەنێوان دەستەکانی ئەودا خۆی لەبیر دەکات)، ئەرێ بە ڕاست چێژ لە من دەبینیت، وەڵامم بەرەوە، ڕاستە؟

**لیزی:** (بە هیلاکییەوە) بەڵێ، ڕاستە.

**فرێد:** (دەست بە گۆناکانیدا دەهێنێت)

زۆر چاکە، لەمە بەدواوە تەواوی شتەکان دەچنەوە سەر ڕێچکەی تەواوی خۆیان.

(بێدەنگی)

ئێستا ناوی خۆمت پێدەڵێم: فرێد.

## پەردە دادەرێتەوە.




**وێنەی بەرگی چاپی شانۆنامەکە بە زمانی عەرەبی**

# بایۆگرافیای ژان پۆل سارتەر

ژان پۆل سارتەر(Jean-Paul Charles Aymard Sartre) لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٠٥ لە پاریس لەدایکبووە و لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٠ دا کۆچی دوایی کردووە، فەیلەسووف و شانانۆنامەنووس و ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و سیاسەتوانێکی مەزنی فەرەنسی سەدەی بیستەم بوو.

وەکو خۆی دەڵێت سالآنی تەمەنی منداڵی زرنگ و چالاک بووە، بەڵام گۆشەگیر بووە و خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکان بووە، لە ساڵی ١٩٢٢دا دیپلۆمی وەرگرتووە و پاشان بڕیاریداوە خوێندنی باڵا لە زانکۆی پاریس تەواو بکات لەگەڵ پۆل نیزاندا وەردەگیرێت، بەڵام چوار ساڵ دواتر لە تاقیکردنەوەی کۆتایی بەشی فەلسەفەدا بیروڕاکانی ڕەت دەکرێتەوە و وەرناگیرێت ئەمەش لەبار ئەو بیروباوەڕەی، کە سارتەر سەبارەت بە فەلسەفە هەیبوو. کاتێک پێیی وابوو فەلسەفە تێگەیشتنە نەوەک لەبەر کردن، بەڵا لەساڵی ١٩٢٩دا بە پلەی یەکەم لە بەشی فەلسەفە وەردەگیرێت و دەبێتە مامۆستای فەلسەفە، پاشان کاریگەر دەبێت بە دیاردەناسی هۆسرێل و ڕێگەی ئەڵمانیا دەگرێتە بەر بۆ تەواوکردنی خوێندن و لەوێدا بە وردی ئاشنای بەرهەمەکانی هۆسرێل و هایدگەر دەبێت، بەڵام دوای ماوەیەک بەرگەی دەسەڵاتی حکومەتی نازی ناگرێت و دەگەڕێتەوە فەرەنسا. سارتەر لە منداڵیدا بەدوای ناوبانگەوە بوو، بەڵام نووسینەکانی یەک لەدوای یەک لەلایەن بڵاوکەرەوەکانەوە ڕەتدەکرانەوە، بۆیە تاوەکو ساڵی ١٩٣٨ ڕۆمانی(هێڵنج)ی بڵاو کردەوە و ئەم بەرهەمەش ناوبانگێکی جیهانی بۆ بەدەست هێنا، پاشان کۆمەڵە چیرۆکی(دیوار)ی بڵاو کردەوە، سارتەر لە سەرتاپای ژیانیدا هاوڕێی سیمۆن دی بۆڤوار بووە و تا مردن لەگەڵ

یەکتر ماونەتەوە بەبێ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن،چونکە هاوسەرگیری بەلایانەوە شتێکی بۆرژوازیانە بووە.

ژیانی سارتەر دابەشی دوو قۆناغ دەبێت یەکەمیان قۆناغی پیشەیی ئەویش دوای نووسینی (بوون و نەبوون) و (ڕۆمانی هێڵنج)ە، کە تێیدا مرۆڤ وەکو بوونەوەرێک دادەنێت کە مەحکومە بە ئازادی.

قۆناغی دووەمیش وەکو ڕۆشنبیرێکی چالاک لەڕووی سیاسییەوە دەناسرێت، سارتەر لایەنگری کۆمۆنیزم بوو، بەڵام نەچووە ناو حزبی کۆمۆنیستی فرەنسییەوە و خۆی خەریکی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا بوونگەراییەکان کرد، سارتەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە مرۆڤ پێویستە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لە ساڵی ١٩٦٤دا ناوی چووە ناو پاڵێوراوانی خەڵاتی نۆبڵ وخەڵاتەکەی بۆ دەرچوو، بەڵام سارتەر ئەم خەڵاتەی ڕەتکردەوە و هەرگیز وەری نەگرت، ئەمەش یەکەمجار بوو لە مێژووی ئەم خەڵاتەدا شتێکی وا ڕوووبدات، تەنیا خەڵاتێک کە وەک ڕێزلێنان وەریگرتبێت، بریتی بووە لە(دکتۆرای فەخری) لە زانکۆی ئۆرشەلیم لە ساڵی١٩٧٦دا.

سارتەر هەمیشە بەهەڵوێستەکانی دەناسرێتەوە، ئەو پێوەندییەکی باشی لەگەڵ شۆڕشگێڕی جیهانی(چی گیڤارا)دا هەبوو، هاوکات یەکێک بوو لەوانەی بەرگری لەژان ژینێ کردووە و نامەی بۆ دیگۆڵ ناردووە تا ئازادی بکەن، هەروەها بەرگریکارێکی سەرسەختی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی جەزایری بووە و خۆی بە جانتاهەڵگری ئەم بزووتنەوەیە هەژمار کردووە، هەندێک لە بەرهەمەکانی:

- هێڵنج.ڕۆمان١٩٣٨.
- دیوار(کۆمەڵە چیرۆک)١٩٣٩.
- مێشەکان(شانۆنامە)١٩٤٣.
- بوون و نەبوون.(پەیامی فەلسەفی)١٩٤٣.

- چوونە دەرەوە قەدەغەیە(شانۆنامە)١٩٤٤.
- ڕێگاکانی ئازادی(ڕۆمان٣ بەرگ)١٩٤٥.
- مردووە بێ کفن و دفنەکان(شانۆنامە)١٩٤٦.
- قەحپە بەڕێزەکە(شانۆنامە)١٩٤٦.
- بوونگەرایی فەلسەفەی ژیانە(پەیامی فەلسەفی)١٩٤٦.
- ئەدەب چییە(پەیام دەربارەی ئەدەب)١٩٤٧.

* بۆدلێر(وتارێک دەربارەی بۆدلێری شاعیر)١٩٤٧.
* چەندڕامانێک دەربارەی کێشەی جولەکە.(١٩٤٧).
* دەستە پیسەکان(شانۆنامە)١٩٤٨.

- شەیتان و خودا(شانۆنامە)١٩٥١.
- ژینێی پیرۆز، ئەکتەر و شەهید(کتێبێک دەربارەی ژان ژینێ)١٩٥٢.
- بەندکراوانی ئاڵتوونا(شانۆنامە)١٩٥٩.
- فرۆید(سیناریۆی فیلمێک دەربارەی سیگمۆند فرۆید)١٩٥٩.
- ڕەخنەی عەقڵ دیالێکتیکی(فەلسەفە)١٩٦٠.
- وشەکان(یادداشتنامەی خوودی)١٩٦٤.
- ژنانی تەڕوادە(شانۆنامە)١٩٦٥.
- سارتەر لە کوبا(کۆمەڵێک وتارە لەکاتی گەشت بۆ کوبا نووسیویەتی).
- دەربارەی شانۆ.
- کار لەکار ترازا(ڕۆمان).
- هەرزەکاری خانەوادە.(پەیامی ڕەخنەیی)١٩٧١-١٩٧٢.
- بەرگریکردن لە ڕۆشنبیران.